Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.2.2

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Khoshnaw Azeez Hama Ameen

khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

RECEIVED :12 /08/2024
ACCEPTED :14/10/ 2024
PUBLISHED :15/04/ 2025

# گرفتی گوتن ـ درکاندنی دەنگەکان بە نموونە

**خۆشناو عەزیز حەمەئەمین** / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،
زانکۆی ڕاپەڕین ـ ڕانیە، هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
درکاندن،
گرفت،
گوتن،
دەنگ،
فاکتەر،
کەموکوڕی.

## پوختە

زانستی زمانی کارەکی و بابەتەکانی لە زمانانی دونیادا بایەخێکی زۆریان پێدراوە، بەڵام لە کوردیدا کەمتر لایان لێکراوەتەوە، بە تایبەت "گرفتی گوتن"، کە بوارێک لە بوارەکانی زانستی زمانی دەروونیی کارەکییە، لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە بۆ "گرفتی گوتن ـ درکاندنی دەنگەکان بە نموونە" تەرخانکراوە، کە هەوڵێکە بە ئامانجی نیشاندانی چەمک و لایەنە گرنگەکانی، لەگەڵ پەسنکردنی جۆر و فاکتەرەکانی، چونکە پێواژۆی بەرهەمهێنانی دەنگەزمانییەکان ئاسان نییە، جگە لەوەش گرفت لەم ئاستەدا سەرەتای گرفتە بۆ ئاستەکانی دیکە، هەر چۆنێک بێت توێژینەوە لەم لایەنە بە هەموو جۆر و ئاستەکانییەوە بابەتێکی زانستی و سەردەمییانەیە، بۆیە بەهای خۆی دەبێت، هەروەها کارکردن تێیدا ڕۆچوونە بە پەیوەندیی زانستی زمان و پسپۆرییەکانی دیکەوە، لە چەشنی بایۆلۆژی، کلینیکی، دەروونزانی و کۆمەڵناسی، چونکە ئەمانە دەبنە ئامرازی دیاریکردنی گرفتەکان و چارەسەرکردنیان.

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدی نوسینەوەی (پەسنیی شیکارانە) بەکاربراوە، بەرنامە و پێرستی باتەکانیشی جگە لەم پوختەیە و پێشەکی، دوو پاری لەخۆگرتووە: لە پاری یەکەمدا "دەروازەیەک بۆ گرفتی گوتن و فاکتەر و لێکەوتەکانی" خراوەتەڕوو، لە پاری دووەمیشدا "گرفتی گوتن لە درکاندنی دەنگەکاندا و ڕێگەچارەیان" بەئامانجگیراوە، کە تێیدا تیشک خراوەتە سەر دیاریکردنی بەشێک لەو ناتەواوییانەی لە درکاندنی دەنگەکاندا ڕوودەدەن، لەگەڵ نیشاندانی ڕێگەچارەی گونجاو. لە کۆتاییشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و سەرچاوە سوودلێوەرگیراوەکان خراونەتەڕوو.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

گرفتی گوتن، لەو کەموکوڕییانەیە لە کاتی قسەکردندا ڕووبەڕووی تاک دەبێتەوە، تەنانەت زۆرجار پێیەوە گرفتاردەبێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەی دەبێتە لەمپەر لە ئاسایی و ڕەوانی لە بەردەوامبوونی قسەکردندا، بە شێوازێکی باشتر، دەکرێت، بڵێین: ڕاستەوخۆ کاریگەریی بە سەر زمان و بەکارهێنانییەوە دەبێت، چونکە ناهێڵێت، ئامانج و مەبەست بە باشی بگەیەنێت، یاخود ئەرکی ڕاستەقینەی زمان کە پەیوەندیکردن/ پەیوەندیگرتن و لەیەکترگەیشتنە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەشێوێنێت. بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "**گرفتی گوتن ـ درکاندنی دەنگەکان بە نموونە**" لە بواری زانستی زمانەوانیی دەروونیی کارەکی ( Applied Psycholinguistics)دایە، کار لە بارەی ئەو خەوش و گرفتانەوە دەکات، کە تاک لە درکاندن و بەرهەمهێنانی دەنگەکاندا دووچاریاندەبێتەوە، لە ڕاستیدا گرفتەکانی گوتن زۆرن، بەڵام لە بڵاوترینیان گرفتی درکاندنی دەنگەکانە، چونکە گرفت لە بەرهەمهێنانی دەنگەکان، یاخود ناتەواوی لە ئاستی دەنگسازیدا دەبێتە سەرەتای دروستبوونی گرفت بۆ ئاستەکانی دیکە، هەنگاوانیش بەرەو پەسنکردن و چارەسەرکردنیان بە شۆڕبوونەوە بە نێو فاکتەرەکان و توێژینەوەی کاریگەرییەکانییەوە دەبێت.

### ٠ . ١: هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە

لە هۆیەکانی لەدایکبوونی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە "گرفتی گوتن"، وەک یەکێک لە بابەتە سرک و ئاڵۆزەکانی زانستی زمانی کارەکی ــ زمانەوانیی دەروونی ــ لە ئەمڕۆدا جێی بایەخە، هەروەها لە ڕێگەی زانستی زمانەوە کارکردنەکان بە ئاراستەی دۆزینەوەی چارەسەرن، بەڵام ئەوەندەی بزانرێت سەرچاوە ئەکادیمی و زانستییەکان بە زمانی کوردی لەم بوارەدا لە ئاستی پێویست و چاوەڕوانیدا نین، بۆیە لەم ڕووەوە ئەنجامدانی ئەم کارە وەک هەوڵێک بۆ خستنەڕوو و شرۆڤەکردنی گرفت و ئاریشەکانی گوتن بە گشتی و درکاندنی دەنگەکان بە تایبەتی بۆ تەواوکردنی بوار و بابەتەکانی زمانەوانیی کوردی بەپێویستزانرا.

### ٠ . ٢: میتۆد و کەرەستەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا بۆ هێنانەدی ئەنجامە دیاریکراوەکان، میتۆدی نوسینەوەی بابەتەکە (پەسنیی شیکارانە)یە، لە پێناو دەستەبەرکردنی سەرجەمی کەرەستە و نموونە بەکارهاتووەکانیش پەنابراوەتە بەر زمانی قسەکردنی کەسانی توشبوو بەم گرفتە لە (زمانی کوردی ــــ زاری نێوەڕاست ــــ شێوەزاری سلێمانی)دا، بە تایبەت ئەو کەسانەی لایەنە مەیدانی و جێبەجێکەرانەکەی ئەم باسەیان لەسەر ئەنجامدراوە، یا لە سەرچاوە بەکارهاتووەکانی کارەکەدا.

### ٠ . ٣: ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە هەوڵدەدات ڕێکارێک بەدەستبهێنێت، کە خۆی بە دوو لایەنی سەرەکیی ئەم گرفتە ـ گرفتی گوتن ـ ـەوە خەریکبکات، کە ئەوانیش "گرفتی گوتن بە گشتی"، لەگەڵ "گرفتی تایبەت بە درکاندنی دەنگەکان"ـەـ، ئەم هەوڵەش بە ئامانجی نیشاندانی سروشتی ئەم ناتەواوی و گرفتانە و پەسنکردنیانە، کە بە فاکتەر و لایەنە دەروونزانی، بایۆلۆژی/ زیندەزانی، کلینیکی و کۆمەڵناسییەکانەوە پەیوەندیداردەبنەوە، لەگەڵ دیاریکردن و خستنەڕووی ڕێگەی چارەسەری گونجاو.

بۆیە توێژینەوەکە سەرجەمی کارەکانی لە ڕوانگەی چەند پرسیارێکی سەرەکییەوە سەر ڕێگەدەخات، کە ئەوانیش بریتین لە:

١. ئایا خودی گرفتی گوتن چییە؟ واتە چۆن ناودەنرێت و دەناسێنرێت (زاراوە، چەمک و تێڕوانین).
٢. دەرکەوتە و جۆرەکانی گرفتی گوتن چین؟، چ لێکەوتە و کاریگەرییەکیان لەسەر تاکی توشبوو هەیە؟
٣. فاکتەر و کاریگەرییە سەرەکییەکانی گرفتی گوتن کامانەن و چۆن دەتوانن گرفتەکان بەیانبکەن؟

٤. گرفت یا کەموکوڕیی پەیوەست بە درکاندنی دەنگەکانەوە چۆنە، واتە لە چیدا دەرکەوێت و کامانەن؟

٥. ئەو بنەما و پێشنیازانە چین؟ کە دەشێت جارێکی دیکە گوتن و دەربڕینی دروست بۆ تاک بگێڕنەوە.

ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە لە دوو توێی شیکردنەوەکاندا دەوروژێنرێن و هەوڵدەدەین بە پاسادانی زانستی گریمانەی توێژینەوەکە ئەزموونبەندبکەین.

### ٠ . ٤: ئاستەنگی بەردەم توێژینەوەکە

هەر هەوڵ و کارێکی زانستی لە کاتی ئەنجامدانی چەندین بەربەست دێنە ڕێگەی، لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی ئەم کارەش نەبوونی سەنتەر و مەڵبەندی تایبەت بە گرفتەکانی گوتن، لەگەڵ نائامادەگی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ پێدانی زانیاری و تۆمارکردنی دەنگیان بوو، هەر ئەمەش وایکرد باسەکە بە گشتی پشت بە سەرچاوەی ئەکادیمی ببەستێت، و بە تەواوەتی نەبێت بە کارێکی مەیدانی و جێبەجێکەرانە، هەروەها فرەوانی بابەت و یەکنەبوونی زاراوە زانستییەکانیش گرفتێکی دیکەبوون، ئەمە جگە لە پۆلنەکردن و جیانەکردنەوەی گرفتەکان پشتبەست بە بنەمای توشبوونیانەوە، بۆیە ئەم کارە تایبەتکراوە بە دیاریکردن و ساغکردنەوەی هەندێک لەو گرفتانەی لە درکاندنی دەنگەکاندا دووچاری تاک دەبنەوە، بە ئامانجی کردنەوەی دەروازەیەک بۆ توێژینەوەی پتر لە گرفتەکانی گوتن لەم ڕوانگەیەوە.

### ٠ . ٥: گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە ئەم لایەنە لە زمانی کوردیدا کەمتر باسکراوە، هەروەها تاڕادەیەکیش ڕۆچوونە بە پەیوەندیی نێوان زمان و زانستەکانی دیکەوە، بە گشتی کارەکە لە پێناو ناساندن و نیشاندانی لایەن و فاکتەرەکانی ئەم بابەتە ـــ گرفتی گوتن ـــ لە ئاست و بوارێکی دیاریکراوی زماندایە، کە درکاندنی دەنگەکانە، لەگەڵ پێشنیازکردنی بنەما و ڕێگەچارەی گونجاو، کەواتە بە دوو ئاست لە توێژینەوەکەدا گرنگی و بایەخی بابەتەکە خراوەتەڕوو: (١) ئاستی تیۆری، کە پەسنکردن و شیکردنەوەکان دەگرێتەوە. (٢) ئاستی جێبەجێکەرانە، کە ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی جۆر و چۆنیەتی و چەندیەتیی گرفتی دەربڕینی دەنگەکانە.

### ٠ . ٦: دروستەی توێژینەوەکە

بۆ دەستبەرکردن و هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، سروشتی کارەکە وایخواستووە جگە لە پێشەکی و پوختەی توێژینەوەکە، کە سەرەتایەکن بۆ چوونە نێو باسەکەوە، بەپێی پلانێک بەسەر دوو پاردا دابەشبکرێت، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، و ڕیزکردنی ئەو سەرچاوانەی لە بە ئەنجامگەیاندنی توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە.

**پاری یەکەم:** بە ناونیشانی "دەروازەیەک بۆ گرفتی گوتن و فاکتەر و لێکەوتەکانی"ـــەوەیە، کە تێیدا بە گشتی هەوڵدراوە چەمک و زاراوەی گرفتی گوتن و چۆنیەتیی پەسنکردن و ناساندنی، لەگەڵ لایەنەکانی توێژینەوە لەم بوارە، هەروەها دەرکەوتن و جۆرەکانی گرفتی گوتن، پاشان ئەو فاکتەرانەشی، کە بە گرفتی گوتنەوە ـ ئەندامی و نائەندامی ـــــــ یەوە پەیوەندیدارن و پێویستە لە کاتی توێژینەوەدا سەرنجیانبدرێت، بخرێنە بەر باس و توێژینەوە، ئەمە جگە لە ئاماژەدان بە گرنگترین کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەم گرفتە لەسەر ژیانی توشبووان و بەکارهێنانی زمانەوە.

**پاری دووەم:** بۆ پەسنکردن و دیاریکردنی بەشێک لە "گرفتی گوتن لە درکاندنی دەنگەکاندا و ڕێگەچارەیان" تەرخانکراوە، بە ئامانجی خستنەڕوو و ئاماژەدان بە خاسیەت و تایبەتمەندیی دەنگەکانی ئاخێوەرانی دووچاربوو بەم گرفتە، لەگەڵ پیشاندانی چەند ڕاستییەکی جێبەجێکەرانە دەربارەی هەندێک لە گرفتەکانی گوتن لە ڕێگەی بەدواداچوونی مەیدانییەوە، هەروەها دیاریکردن و پێشنیازکردنی بنەما و ڕێگەچارەی گونجاویش بۆ چارەسەرکردنی کەسانی دووچاربوو.

## پاری یەکەم:

## دەروازەیەک بۆ گرفتی گوتن و فاکتەر و لێکەوتەکانی

ئەم توێژینەوە و ڕوونکردنەوە تیۆرییانە، هەمان تیۆری، ڕێگە و ڕێبازی گیراوەبەر و جێبەجێکراوی پاری دووەمن، بەڵام بە گشـــتی بۆ ناتەواوییەکانی گوتن تەرخانکراون، واتە لێرەدا هەندێک لایەنی بنجی و بنەڕەتیی گرفتی گوتن، لەگەڵ فاکتەر و لێکەوتەکانیان شیدەکرێنەوە، تاوەکو خوێنەر ئاسانتر لە گرفتی گوتن پەیوەست بە درکاندنی دەنگەکانەوە بگات، هەروەها بنەمایەکی لە زانیاریی زانســـتی بۆ ناســـینەوە و بەراوردکردنیان لەبەردەســـتدابێت، بۆیە دەشـێت، بگوترێت: نەبوونی توێژینەوەی تەواو و پڕاوپڕی گرفت و ناتەواوییەکانی گوتن پێویســـتیی ئەم پارە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەخاتەڕوو، کەواتە ئەم پارە دەروازەیەک بۆ چوونە نێو بابەتەکانی گرفتی گوتن و چۆنیەتیی پەســـنکردن و دەرکەوتنیان پێکدەهێنێت، بە جۆرێک دەبێت بە مەرجێکی پێشوەختە بۆ توێژینەوە و بە دواداچوون.

### ١ . ١: چەمک و زاراوەی گرفتی گوتن

مرۆڤ لە تەمەنی جیاجیادا دووچاری گرفتێک لە گرفت و ناتەواوییەکانی گوتن و دەربڕین دەبێتەوە، بەڵام ئەوانەی هەمیشـــەیی و درێژخایەنن، یا کاتی زۆرتر دەخایەنن، ئەوا دەبنە بابەتی توێژینەوە، یاخود ســـەرەنجی توێژەران ڕادەکێشـــن. بە ســـەرەنجدان و وردبوونەوە لە کارە ئەکادیمییەکانیش دەردەکەوێت، کە زیاتر لە زاراوەیەک بۆ ناونانی ئەم دیاردە و بابەتە بەکارهێنراوە، لەوانە: >>گیروگرفت و نەخۆشـــییەکانی گوتن، گرفتی زمانی، نەخۆشـــییەکانی گوتن، نەخۆشـــییەکانی زمان، ئاریشـــەکانی گوتن، گرفتی دەربڕین، ئاریشـــەکانی زمان، نـــاڕێکی و شـــێواوی زمـــان و دەربڕین، بێســـەروبەریی زمـــانی، تێکچوونی زمـــانی ... تـــاد.<<، لەگەڵ >>شـپرزەییەکانی گوتن و خەوشـەکانی درکاندن<< (خۆشـناو (ب)، ٢٠١٦: ١٦) لە زمانی ئینگلیزیشـدا هەریەکە لە >>Pathology-speech<< و >>Disorders-Speech<< بەکارهێنراوە، کە تاڕادەیەک لە یەکتر جیاوازن، چ لە ڕووی زاراوە، چ لە ڕووی واتا و مەبەستەوە بێت، بە جۆرێک ئەگەر سەرنجبدەین، ئەوا >>Pathology<< بۆ زمانی گریکی دەگەڕێتەوە، کە لە وشەی (Pathos)ـــەوەکەوتووەتەوە،کە بە مانای (نەخۆشی) دێت (سەعید، ٢٠١١: ٢٥٠)، هەرچی (Disorder)یشـــە، ئەوا بە هەریەک لە واتا و مەبەســـتەکانی (شـــێواوی ، ناڕێکوپێکی ، تێکچوون ، پشێوی، ئاژاوە، هەرا و نەخۆشی) (قەرەداخی، ٢٠١٢: ٢٨٥) دێت.

شایانی ئاماژەپێدانە هەڵبژاردنی زاراوەی >>نەخۆشی<< بۆ ئەو گرفتانە و ناونانیان "لە ڕوانگەی زمانەوانیی (کلینیکی)یەوە ســەرچاوەی گرتووە، بەو پێیەی زمانەوانیی کلینیکی خاڵی بە یەکگەیشــتنی زانســتی پزیشــکی و زانستی زمانە، هەوڵی دیاریکردنی نەخۆشییەکانی زمان و چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییانە دەدات، کە لە کاتی قســـەکردندا توشـی مرۆڤ دەبێت" (ڕەشـید، ٢٠١٩ : ١١٧)، بەڵام زاراوەی نەخۆشـی زۆر دروسـت و گونجاو نییە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی، زۆرێک لە ناتەواوییەکانی زمان و گوتن نەخۆشی نین، بەڵکو فاکتەری دیکەیان هەیە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی >>گرفت<< لە بری >>نەخۆشـــی<< بە گونجاوتر زانراوە و بەکارهێنراوە، کە یەکێک لە واتا و مەبەســـتەکانی بریتییە لە (بەرگر لە کار) (هەژار، ١٣٦٩: ٦٩١)، بە واتای ئەو فاکتەرانەی دەبنە لەمپەر لە بەردەم ئەنجامدان و بەڕێوەچوونی کار و کردەوەیەکدا.

دیارە فرە زاراوەیی ئەم بابەتە تەنیا لە کوردیدا نییە، بەڵکو لە زمانانی دیکەشـــدا ئەم باری ســـەرنجە بەرچاودەکەوێت، بە نموونە لە زمانەوانیی عەرەبیشـــدا، ئەگەر وردبینەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە هەریەک لە زاراوەکانی >>عیوب ، اعتلال ، اضطرابات و انهیار<< لە توێژینەوە و کارەکانیاندا بەکارهێنراوە (ڕەشید، ٢٠١٩ : ١١٧)، بەڵام ئەوەی جێگەی ســـەرنجدانە ئەوەیە، کە لە نێو ئەو زاراوانەدا هیچ کامیان بە واتای نەخۆشـــی نەهاتوون.

ئەم بابەتەی ئێمەش بۆ >>گرفتی گوتن<< تایبەتکراوە، کە جیاوازە لە >>گرفتی زمانی<<، کە فرەوانتر و فرە چەمکترە، کە مەبەست لێی تێکچوونێکی کاتی یا درێژخایەنی ئەندام/ ئۆرگانە بەرپرسەکانی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی زمانە. بەم شێوەیە دەکرێت:

### ١ . ١ . ١: لە ڕووی وشەییەوە

لە ڕووی وشـــەیی، یاخود فەرهەنگییەوە زاراوەی >>گرفتی گوتن<< فرێزێکی بە لێکســـیکبووە، کە وەک یەکێک لە ڕێگە بەبەرهەمەکان بەشداری لە پەرەسەندنی فەرهەنگدا، بە تایبەت لە پێواژۆی ناوناندا دەکات. بۆیە دەشـــێت، بگوترێت: ئەم دروســـتەیە ســـازبووی پێواژۆی خســـتنەپاڵە، کە لە ئەنجامی تێپەڕبوونی کات و دووبارەبوونەوەی بووە بە دانەیەکی فەرهەنگی یا لێکســـیکی، بە دەربڕینێکی دیکە تێیدا پشـــت بە فرێزێکی خستنەپاڵ بە یاریدەی مۆرفیمی {ی} بەستراوە، لە دروستکردنی ئەم یەکەیەشدا ناوی (گرفت) وەک دەرخراو، لەگەڵ ناوی کرداریی (گوتن)دا، کە ڕۆڵی دەرخەری بینیوە، بە یارمەتیی مۆرفیمەکە خراونەتە تەکیەکەوە/ پاڵ یەکتری، یا دروســـتەکەیان پێکهێناوە، ئینجا بە شـــێوەی قایمکراو یا بلۆککراو لە پێواژۆی ناوناندا بەکارهێنراوە (بڕوانە: سەدیق، ٢٠١٣: ١٢٤).

سـەبارەت بە واتا و مەبەسـتە ڕاسـتەوخۆیەکەشـی،یا ئەوەی ئاشـکرا و نەگۆڕە، ئەوا هەمووئەو کەموکوڕی و ناتەواوییانە دەگرێتەوە، کە لە بەرهەمهێنانی پەیام و دەربڕینێکی زمانی دیاریکراودا هەیە، لە ئەنجامیشـــدا وادەکات مەبەسـت و ئامانجێکی پەسـەند و خوازراوی نەبێت، یا وەک پێویسـت ئامانج نەپێکێت، هەروەها لەگەڵ کولتور و بیرکردنەوەی بەشێک لە تاکەکانیشدا گونجاونەبێت.

### ٢ . ١ . ١: لە ڕووی زاراوەییەوە

لە ڕووی زاراوەییەوە، زاراوەیەکە لە زانســـتی زمانی کارەکی و لە توێژینەوە زانســـتییە زمانییە دەروونییە کارەکی و کلینکییەکاندا بەکاردەهێنرێت، کە واتاکەی بریتییە لە توێژینەوە لەو کەموکوڕییانەی ڕێگە لە قسەکردن دەگرن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی قســـەکەر نەتوانێت بە شـــێوەیەکی دروســـت پەیوەندیی زمانی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا ببەستێت (حەمەد، ٢٠١٥: ٦٣)، واتە تێکچوونی زمانپاراوی و قسەڕەوانی قسەکەرە لە گفتوگۆ و قســـەکردن لەگەڵ کەســـانی بەرانبەردا، یاخود تێکچوونی چینی دەنگ و گۆڕانی دەنگێک بە دەنگێکی دیکەیە، کە کاریگەریی بەســـەر بەکارهێنان و وەرگرتنی زمانەوە دەبێت، کەواتە دەشـــێت، بگوترێت: گرفتی گوتن دوو لایەنەیە، چونکە سروشتی زمان دووانییە و خۆی لە گوتن یا قسەکردن لەگەڵ تێگەیشتندا دەبینێتەوە (مەحموود، ٢٠١٦: ٣٦).

لەم ڕوونکردنەوانە دەردەکەوێت، گرفتی گوتن یان شـێوانی گوتن، هەندێکجار کار لە درکاندنی دەنگەکانی زمان یان وشـــەکان و مۆرفیمەکان دەکات، یان لە ڕســـتەدا ڕوودەدات، یان لە بەشـــێک لە پێکهاتەی ڕســـتە بە هۆی ناتەواوی لە ڕێکخســـتن و دانانی کەرەســـتەکان بە شـــێوەیەکی ڕێزمانی لە جێگەی خۆیاندا دەبینرێت، کەواتە دەکرێت، بگوترێت: بەپێی جۆر و باری نەخۆشـــییەکە و تەمەن و کات و شـــوێنی ڕوودانی نەخۆشـــییەکە و هەلومەرجی توشبوون، نەخۆشـییەکانی گوتن دەسـتنیشـاندەکرێن، واتە دەشـێت بە هۆی یەکێک لە ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە بێت، یان بەشـێک لە ناوچە بەرپرسـەکانی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەکە ببێتە فاکتەر بۆ دروسـتبوونی ئەم گرفتە (حەمەد، ٢٠١٥: ٦٤)، بە شـــێوەیەکی دیکە ئەو بیرۆکەی لە مێشـــکی مرۆڤدایە ناگوازرێتەوە، تاوەکو فاکتەرێک نەبێت، ئەو فاکتەرەش بە زۆری هێمای دەنگییە، کە هەڵگری واتا و وێنەی بیرییە، واتە مرۆڤ کاتێک دەیەوێت ئەو بیرۆکەی لە مێشـــکیدایە بیگەیەنێت، ئەوا پشـــت بە دەنگ دەبەســـتێت، ئەم پێواژۆیەش ئاڵۆزە و پێویســـتی بە هەبوونی گونجانە لە نێوان ئەندامەکانی ئاخاوتندا، بەڵام هەندێکجار بە هۆی گرفتی گوتنەوە، یا نەخۆشـــی یاخود دەوروبەری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە ئەو دەنگانە بە شـــێوەیەکی گونجاو و ڕێکخراو گۆناکرێن، بۆیە گرفتی گوتن دروســـتدەبێت، ئەو گرفتەش دەگونجێت بۆماوەیی، یا بە هۆی نەخۆشـــی یاخود کارەساتێکەوە، یانیش دەوروبەر و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و... تاد. بێت.

وەک ئەوەی ئاماژەی بۆ کرا ئەم لایەنە یەکێکە لە بوار و مەیدانە هاوبەشەکانی کارکردن و توێژینەوەی نێوان زانستی پزیشکی/ کلینیکی و دەروونزانی و کۆمەڵناسی لەگەڵ زانستی زماندا، لە زانستی زمانیشدا دەبێتە بەشێک لە زانستی زمانی دەروونیی کارەکی و لقێک لە زمانەوانیی کارەکی، کە لە لایەن پسپۆرانی بواری بێژەکردن/ گۆکردن (التلفظ ـ Pronunciation)ـەوە قسە و توێژینەوەی لە بارەوە دەکرێت، هەروەها مێژووی لێتوێژینەوەی ئەم چەمکەش ــ گرفتی گوتن ــ بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کە بێگومان ئامانجی سەرەکیش لێی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و دەستنیشانکردنی گیروگرفت و هەڵە و ناتەواوییەکانی درکاندنە (فلیتشەر ٢٠١٤: ٥٥).

## ١ . ٢: گرفتی گوتن (ڕوانین و ڕاڤە)

ئەو ناساندن و پێناسانەی بۆ >>گرفتی گوتن<< کراون، لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە لێیانڕوانیوە، واتە نوسەر و توێژەران کۆڕا و هاوبۆچوون نین، بۆیە لێرەدا بەپێی پێویستی بابەتەکە و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و نیشاندانی لایەنەکانی بە شێوەیەکی گشتی چەند بۆچوون و تێڕوانینێک لە بارەی گرفتی گوتنەوە، وەک ناتەواوییەکی بەکارهێنانی زمانی دەخرێتەڕوو:

گرفتی گوتن، بەرەوپێشنەچوونی ئاخاوتنە بە شێوەیەکی ئاسایی و ڕەوان، کە ئەنجامی ئەو بەرەوپێشنەچوونەش یا وەستان دەبێت لە کاتی ئاخاوتندا، یانیش بە دووبارەکردنەوە و درێژکردنەوەی هەندێک دەنگ و بڕگە و وشە دەبێت (محەمەد، ٢٠٠٨: ٧٤ ــــ ٧٥)، ئەوەی لەم پەسنکردنەوە سەرنجدەدرێت ئاماژەدانە بە نیشانەکانی ئەو گرفتە، بێ ئاماژەکردن بە سەرچاوە و فاکتەرەکانی دروستبوونی و لێکەوتەکانی.

لە تێڕوانینێکی دیکەشدا گوتراوە: "بێ سەروبەریی زمانی بە هەر جۆرە تێکچوون یان لادانێک لە بەرهەمهێنان یا تێگەیشتنی زمان دەگوترێت" (باتنی، ٢٠١٥: ١١٥)، لێرەدا گرفتەکان بۆ دوو جۆر پۆلکراون، یەکێکیان پەیوەندیی بە بەرهەمهێنانی زمانەوە هەیە، کە گرفتەکانی ئاخاوتن و نوسین دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەو گرفتانەی بە لایەنی تێگەیشتن و وەرگرتنی زمانەوە پەیوەندیدارن، ئەوانیش مەبەست لە کەموکورییەکانی بیستن و خوێندنەوەیە، دیارە ئەم توێژینەوەیە لێرەدا لە بواری گرفتەکانی گوتندا سنوردارکراوە، بۆیە هیچ شتێکی لە بارەی گرفتەکانی دیکەوە باسنەکردووە.

یاخود دەکرێت، بگوترێت: مەبەست لە گرفتی گوتن تێکچوونی شێوازی دەربڕین و درکاندنی دەنگ و لەرینەوەی دەنگەژێکانە، کە دەبێتە گۆڕینی کۆنسنانت بە ڤاوڵ و زیادکردنی دەنگی ناپێویست، کە دەبێتە هۆی تێکدانی واتای وشە، یان درێژکردنەوەی دەنگێک لە نێو وشەیەکدا، وەک نەخۆشی لاڵەپەتەیی (تلعثم ــــ جلجلة)، یان زمانگیری، هەروەها دروستبوونی هێشووە کۆنسنانت و هەندێکجاریش هێشووە ڤاوڵ (عبدالعزیز، ١٩٨٣: ١٠٤). لەم ڕوانینەشدا جگە لە پەسنکردنی دیاردەکە ئاماژە بە هەندێک لە گرفتەکان و لێکەوتەکانیان دراوە، بۆیە بە بۆچوونی بەشێک لە پسپۆران دەبێت گرفتی گوتن "بریتی بێت لە کرتان و جێگۆڕکێ پێ کردن و گۆڕین و زیادکردنی دەنگەکانی زمان، بە شێوەیەکی نارێک لە کاتی درکاندندا ببێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە و تێکچوونی ئاخاوتن" (حەمەد، ٢٠١٥: ٦٤)، لەم ناساندنەشدا جگە لە نیشاندانی هەندێ جۆر لە گرفت و کەموکورییەکان، لەگەڵیدا ئاماژە بە لێکەوتەکەشی دراوە، کە تێکچوونی ئاخاوتنە، کە دیاردەیەکی ئاڵۆزە و سەرچاوەکەی تاکەکەسە، هەروەها لە هەندێک باردا پێویستیی بە بەکارهێنان و ڕاهێنانی تەواوی ماسولکەکانە، لەبەر ئەوەی ناهاوتایی هەر ئەندامێک یا فاکتەرێک دەبێتە هۆی نیشانەکانی کەموکوریی ئاخاوتن ئەمەش لادانێکە لە هاوسەنگیی جوڵەیی لە نێوان ئەندامەکانی ئاخاوتندا، ئەم گرفت و کەموکورییانەش جۆراوجۆرن، بۆ نموونە: کاتێک نەخۆشێک هەندێک لە وشەکان هەڵدەگێڕێتەوە، یا دەنگێک قوتدەدات، یاخود بە خێرایی قسەدەکات، یانیش لە قسەکردن دەوەستێت لەگەڵ جۆرە لاڵییەک یا تەتەڵەی زمانی هەیە و زمانی دەیگرێت ... تاد. (دزەیی، ٢٠١٤: ١١٢).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە ئەم تێڕوانین و پەسنکردنە لە دووانەکەی پێشوو وردەکارترە، چونکە تەنیا پەسنی گرفتەکە ناکات، بەڵکو لێکەوتەی ئەم گرفتەش ڕاڤەدەکات، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەردەکەوێت، کە گرفتی گوتن جۆرێکە لە تێکچوونی جۆرایەتی لە بەرهەمهێنانی دەنگ و زماندا، کە گۆڕین و جێگۆڕکێ و قرتاندن و

زیادکردن و وەستان و... تاد. دەگریتەوە، یا نارەوانی لە قسەکردندا، یاخود تێکچوونی پرۆسۆدی (Prosody) لە زماندا، کە مەبەست لە ئاواز و ریتم یا هێزە لەگەڵ دریژیی دەربرین، هەموو ئەمانەش کاریگەرییان بەسەر وەرگرتنی زمانەوە دەبێت. ئەم بابەتەش ـــ گرفتی گوتن ـــ دەبێتە توێژینەوە لەو کەموکورتییانەی رێگە لە قسەکەر دەگرێت، کە نەتوانێت بە تەواوی و ئاسایی پەیوەندیی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا بکات، کە بەپێی تەمەنە جیاجیایەکان هەستی پێدەکرێت، لەگەڵ گەڕان بە دوای فاکتەرەکانی ئەم کەموکورتییانە لەوانەیە بە هۆی رووداوێک بێت، کە دووچاری ئەندامێک لە ئەندامەکانی ئاخاوتن بووە، یا بە هۆی شێوانێک لە دەمارەکانی هەستی، لەگەڵ ئەنجامی شێوانێکی دەروونییەوە ... تاد. هەڵقولابێت، ئەم توێژینەوانەش لەسەر بنەمای دەنگسازی بە هەماهەنگی نێوان لایەنی ئەندامی و ئەکۆستیک و زمانەوانی و دەروونناسی و تویکاری بونیاتدەنرێن (Richards & Schmidt, 2010: 545).

## ١ . ٣: لایەنی توێژینەوە لە گرفتی گوتن

بە گشتی کارکردن و توێژینەوە لەم بوارەدا لە دوو لایەنەوە ئەنجامدەدرێت، یاخود لە دوو روانگە و تێروانینەوە خۆیدەبینێتەوە، کە هەریەکەیان لە لایەن پسپۆرانی بوارەکەوە سەرنجدەدرێت، ئەوانیش:

**یەکەم:** بە گرفتی گوتن (Speech Disorder) ناودەبرێت، "ئەم چەشنە گرفتە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەردەکەوێت، کاتێک کەسەکە دەیەوێت واتا و پەیامەکەی بگەیەنێت و ناتوانێت بۆ ئەم مەبەستە تەرزی ئاخاوتنێک رێکبخات یان هەڵبژێرێت" (مەحموود، ٢٠١٦: ٣٦)، کە لە ئاستی پێویستی و چاوەڕوانییەکاندا بێت، یاخود بە گوتەیەکی دیکە دەکرێت، بگوترێت: مەبەست توێژینەوەیە لە خەوش و ناتەواوییەکان یا ئەو شلەژاوی و کەموکورییانەی دەبنە بەربەست بۆ ئەو پەیوەندییانەی قسەکەر پێیانهەڵدەستێت، ئەم جۆرە لە توێژینەوە گرفتە ئەندامی و دەروونزانی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان و ... تاد. بەئامانجدەگرێت.

**دووەم:** مەیدانی دووەمی کارکردنی توێژینەوە لە گرفتی گوتن چارەسەری گوتن (Speech Therapy)ـە، کە لایەنی چارەسەرکردن، یا کەمکردنەوەی گرفتەکە دەگرێتەوە، چونکە "Therapy وەکو زاراوەیەک لە زمانی یۆنانی وەرگیراوە، کە بە واتای چارەسەری هاتووە. ئەم بابەتە پەیوەستە بە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی گوتن یا کەمکردنەوەی کاریگەریی نەخۆشییەکە" (سەعید، ٢٠١١: ٢٥٠)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم لایەنەی خۆخەریککردن بە گرفتی گوتن دۆزینەوەی "چارەسەری تایبەتە بۆ ئەو کەسانەی گرفتی قسەکردن یا دەربرینیان بە روونی هەیە" (Hornby, 2004: 1241)، ئەم کارەش لە پێناو دەربازبوون لە شلەژاوی و نارێکی قسەکردن و بەکارهێنانی زمانە، واتە زماننناس یا توێژەر چەندیەتی و چۆنیەتیی رزگاربوون لە فاکتەرەکان بەئامانجدەگرێت. کۆمەڵێک لە پسپۆران بە دەستە و هاریکاری لەگەڵ یەکتر بەشداری لەم کێڵگەیەدا دەکەن، وەک پزیشک، دەروونناس و زمانەوانەکان، دەتوانرێت بگوترێت: کە زۆرجار کاریکە بە تاکە کەس ئەنجامنادرێت (پور، ١٣٨٠: ٧٣).

## ١ . ٤: دەرکەوتن و جۆرەکانی گرفتی گوتن

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی پێوازۆی پەیوەندیکردنی زمانی لە نێوان تاکەکاندا لە رێگەی دوو چالاکیی سەرەکییەوە ئەنجامدەدرێت، ئەوانیش قسەکردن و گوێگرتنە (یوسف، ١٩٩٠: ٦٥)، ئەوا دەشێت، بگوترێت: گرفتی گوتنیش دوو جۆرە، یاخود دەرکەوتنەکەی دوو لایەنەیە، کە بەسەر هەردوو لایەنی دەربڕین و درکاندنی زمانەوە لەگەڵ تێگەیشتن و وەرگرتنییەوە دەردەکەوێت، بەم شێوەیە :

**یەکەم:** گرفتی دەربڕینی زمان (Expressive Language Disorder)، ئەم چەشنە گرفتە لە پێوازۆی بەرهەمهێنانی زماندا دەردەکەوێت، چونکە لە بەرهەمهێنانی زماندا واتا بۆ دەنگ دەگۆڕێت، بە جۆرێک هەر پەیامێکی زمانی پێویستیی بە پێکداچوونی واتا و مەبەستی دیاریکراو بەرەو رستە و دەربڕاوی ریزکراو هەیە، بەڵام کاتێک نێرەر ناتوانێت بۆ ئەم پێناوە تەرزی ئاخاوتنێکی گونجاو و دروست رێکبخات، یا هەڵبژێرێت، ئەوا

لەم بارەدا دووچاری گرفت دەبێتەوە، کە بە هۆی گرفتەکانی گوتنەوەیە، بە تایبەت کاتێک ئەندامەکانی دەربڕین و بەرهەمهێنانی زمان بە شێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوت دەکەن.

**دووەم:** گرفتی وەرگرتنی زمان (Receptive Language Disorder)، یاخود تێگەیشـــتن لە زمان لەو بارە دیاریکراوەدا ڕوودەدات، کاتێک کەسی وەرگر یا گوێگر ڕووبەڕووی ئاخاوتن دەبێتەوە، بەڵام ناتوانێت لە کەسی بەرانبەر تێبگات (مەحموود، ٢٠١٦: ٣٦)، بە جۆرێک نـاتوانێت، پێواژۆی دارشـــتنی تـایبەت بەو ڕێگەیەی گوێگر بەکاریدەهێنێت بۆ لێکدانەوەی ڕســـتەی هاتوو لە ئاخێوەر یا ئاخێوەرانەوە ئەنجامبدات، کەواتە هەندێکجار کاریگەریی گرفتی گوتن لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کاتێک گوێگر ناتوانێت ئەو دەنگانە لێکجیابکاتەوە، کە قســـەکەر دەریاندەبڕێت، یا لە دارشـــتنی ئەو ڕوونکردنەوە و پەیامەی قســـەکەر هەوڵی دەربڕین و گواســـتنەوەی داوە بەکاریانبهێنێت.

## ١ . ٥: فاکتەر و شێوازەکانی گرفتی گوتن

بە ســـەرنجدان و وردبوونەوە دەردەکەوێت، ڕێککەوتنێکی گشـــتگیر لە بارەی دیاریکردنی ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی دروســـتبوونی گرفتەکانی گوتن نییە، هەر ئەمەش وایکردووە هەر توێژەرێک بەپێی بۆچوونی خۆی، یاخود ئەو ڕۆشـــنبیرییەی پێیەوە کاریگەربووە، یا ئەو تیۆر و مۆدێلەی لە کارەکەیدا جێبەجێیکردووە چەند فاکتەرێکی دیاریکردبێت، تەنانەت هەندێکجار ئەو نەزانین و فرەبۆچوونییە دەروازەیەکبووە بۆ هاتنە مەیدانی چەند تیۆرێک، کە هەریەکەیان هەوڵدەدات بە بەڵگەی ڕاســـتی و نموونەهێنانەوە ئەو تیۆرەی خۆی بســـەلمێنێت، یا گرفتەکە بەو فاکتەرە ببەستێتەوە کە تیۆرەکە بە سەرەکی یا بنەڕەتی دەزانێت (محەمەد، ٢٠٠٨: ٨٠ ـ ٨١)، بۆیە دەکرێت، بگوترێت: فاکتەرەکانی گرفتی گوتن، جۆراوجۆر و فرە ڕەهەندن، کاریگەریی هەریەکەشـــیان بەپێی جۆری فاکتەرەکان دەبێت بە هەند وەربگیرێت، هەر لە ڕێگەی خســـتنەڕووی ئەم فاکتەرانەشـــەوە، دەســـتنیشـــانی جۆری گرفتە زمانییەکە دەکرێت، ڕەنگە لە جۆرێکیاندا فاکتەری بایۆلۆژی بێت، لای ئەوی دیکەیان دەروونی، یان کۆمەڵایەتی بێت (عەبدولکەیم، ٢٠١٥: ٨)، بۆیە توێژەران بە شێوەیەکی گشتی گرفتەکانی گوتن بۆ دوو بەش پۆلدەکەن:

**یەکەم:** ئەو ناتەواوی و گرفتانەی هۆکاری ڕوودانیان بۆ فاکتەری جەستەیی و ئەندامی دەگەڕێتەوە.

**دووەم:** ئەو کەموکوڕی و گرفتـانەی بۆ ئەرکەکـان دەگەڕێنەوە، ئەوانە هیچ نوقســـتـانییەک لە ئەنـدامەکـانی ئاخاوتنیاندا نابینرێت، بەڵکو لەم بارەدا توانســـت و توانای تاک لەســـەر گوزارشـــتکردن لە ژێر کاریگەریی ناجەســـتەییدایە، کە دەبێتە فاکتەری چەند شـــپرزەیی و ناتەواوییەکی ئەوتۆ، کە لە چەندیەتی و چۆنیەتیدا جیاوازییان هەیە.

(خۆشناو (ب)، ٢٠١٦: ١٦ ـ ١٧)

زۆرێک لە زمانەوان و توێژەران ئاماژەیان بەوە کردووە، کە زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و دەروونییە و تاک بە مەبەســتی گەیاندن لەگەڵ کەســانی دیکە ئەنجامیدەدات، کە بە ئاڵۆزترین پرۆســەی دەماخ و ئۆرگانی مرۆڤ دادەنرێت، هەندێ تایبەتمەندیی هەیە دەبێت لە (نێرەر) و (وەرگر)دا هەبێت، تاکو ئەم پێواژۆیە بە ســـەرکەوتویی بێتەئاراوە، ئەوانەش توانای بیســـتن و ئەقڵی/ئاوەزی و دەماری و ماســـولکەیی، ســـەرەڕای ئەمانەش دروســـتی کۆئەنـدامەکـانی دەربڕینە، لەگەڵ بـاری دەروونی و کۆمەڵایەتی جێگر و چەنـدین فـاکتەری دیکە، بۆیە لێرەوە هەوڵدەدرێت، ئاماژە بە هەندێک لەو فاکتەرانە بدرێت، کە کاریگەرییان بەســـەر گوتن بە گشـــتی و درکاندنی دەنگەکان بە تایبەت هەیە، ئەوانیش:

**١ . ٥ . ١: فاکتەری جەســـتەیی و ئەندامی** فاکتەرە ئەندامییەکان بۆ ئەو گرفتانەی توشـــی کۆئەندامی دەماری و هەندێکجاریش کۆئەندامی ئاخاوتنی ئاخێوەر دەبنەوە دەگەڕێنەوە، واتە مەبەســـت گروپێک لە تێکچوون و باری ناتەواوی جۆراوجۆرە لە دامەزراوە و پێڕەو/سیستەمی مێشکی مرۆڤدا (داود، ٢٠٠١: 145)، دیارە ئەمەش بە هۆی ئەوەی زمان لەسەر بناغەی درکاندنی دەنگ دامەزراوە، کە پێڕەوێکی ئاڵۆز و داخراوە کۆمەڵێک ئەندام لە ڕووی توانای فسیۆلۆژیی زمانییەوە بەشداری تێدادەکەن، ئەم ئەندامانەش فەرمانەکانی مێشـک لە پێواژۆی درکاندندا

جێبەجێدەکەن، بوونی هەرکێشـەیەک لە ئەندامەکانی ئاخاوتندا دەبێتە گرفت (محاسیس، ٢٠١٢: ٣٦)، یا باشـتر بڵێین: کردەی ئاخاوتن و گەیاندن پێواژۆیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، کۆمەڵێک ئەندام، کە هەریەکەیان کار و فەرمانی گرنگ جێبەجێدەکەن تێیدا بەشـدارن، بۆیە ناکرێت ئەرک و گرنگیی هەریەکەیان بە هەند وەرنەگیرێت، ئەمانەش وەکو کۆئەندامی (ئاخاوتن ، بیسـتن و دەمار)، بەڵام ئەرکی سـەرەکی و گرنگ، کۆئەندامی دەمار بەڕێوەیدەبات، تەنانەت هەندێکجار بوونی هەر گرفتێک لەم کۆئەندامەدا بەراورد بە ئەندامەکانی دیکە چارەسـەری ئەسـتەمە (جرادات، ٢٠٠٩: ١٣٦).

بە گشـتی توێژەران کۆکن لە بارەی ئەوەی مێشـکی مرۆڤ بەرپرسـە لە زمان و کردەی گەیاندن و لەیەکترگەیشتن و هەموو پەیوەندییەکان، لەگەڵ نوسین و گوتن، هەروەها مێشک (Brain)یش بریتییە لەو ئەندام و پێکهاتەیەی لە کاسـەسـەری مرۆڤدا پارێزراوە، کە کارلێکە کیمیایی و میکانیکی و کارەباییەکانی جەسـتەی مرۆڤ بەڕێوەدەبات، هەروەها لە نێو ئەو پێکهاتەیەدا زانینەکانی مرۆڤ لە شێوەی تەوژمی کارەبایی و پێواژۆی کیمیاییدا دەگوازرێنەوە (عەبدولکەریم، ٢٠١٥: ١٥)، لە دوو لا یا بەش پێکهاتووە، ئەوانیش لای ڕاسـت و لای چەپ، هەریەکە لەم لایەیانەش فەرمانی تایبەتیی خۆیان هەیە، بەشـی لای چەپ بەرپرسـە لە: ئاگایی مرۆڤ، زانیاریی زمان، ژێربێژی، ماتماتیک، مێژوو، نوسـین و ... تاد.، بەڵام لای ڕاسـت لە: ئەندێشـە، بۆچوون، داهێنانە هونەرییەکانی مرۆڤ، وەک: وێنەکێشان، پەیکەرتاشین، ئاوازدانان و ... تاد. بەرپرسە (حەمەد، ٢٠١٥: ١٢١ ـــ ١٢٢)، زمانی مرۆڤیش لە پێشـەوەی نیوەی چەپی مێشـکدا باڵادەسـتە، ئەم بەشـە بەرپرسـیشـە لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی وشـە و ڕستە، کە بە ناوچەی (برۆکا) ناسراوە، بۆیە ئەوانەی بەشی نیوەی چەپی مێشکیان، یان (ناوچەوانە پل)یان زیانی پێدەگات توشی زمانگیران دەبن بە بەراورد بە بەشی لای ڕاستی دەماخ (یوسف، ١٩٩٠: ١٦٥ ـ ١٦٦). لە لایەکی دیکەشەوە ڕاستە مێشکی مرۆڤ ئەندامێکی سەربەخۆیە، بەڵام ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێت، کە دەسـتەڵاتی بەسـەر ماسـولکەکانی جەسـتەدا هەبێت، بۆیە مێشـک بە سـەنتەری کۆنترۆڵکردن دادەنرێت، کە بە هاوکاری لەگەڵ بەشـەکانی دیکەی ڕشـتە دەماردا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت، ئەو وروژێنەرانەی (البواعث) لە کاریگەرە هەستییەکانەوە (المؤثرات الحثية) دێن و دەگەنە شوێنە جیاجیاکانی مێشک پاشان بە ڕێگەی ئەو شانە ماسولکانە کۆنترۆڵی جموجۆڵی لەش دەکەن (شطناوی، ٢٠١١: ١٠٨ ـــ ١٠٩)، کەواتە هەرچی ماسولکەی مرۆڤ هەیە، ئەگەرچی وەکو پێکهاتەیەکی جیاواز لە ئەندامەکانی دیکە دەسـتنیشـاندەکرێن، بەڵام هەموویان لەژێر دەسـتەڵاتی مێشکدانە.

کەواتە ماسـولکەکانی ئاخاوتن، کە بە هەڵسـوڕێنەری کردەی درکاندن و گوتن دادەنرێن، بریتین لە: لێوەکان، زمان، ژێیەکانی قوڕگ، مەڵاشوو، لوت و ...تاد. لەژێر کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی مێشکدان، بوونی هەر گرفتێکیش لە مێشکدا بە تایبەت ئەو بەشـەی مێشک، کە بەرپرسـە لە بەرهەمهێنانی زمان دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت لە زمان و گوتندا (فلیتشەر، ٢٠١٤: ١٩).

لە دەرئەنجامی ئەو ڕوونکردنەوانەوە دەشـێت، بگوترێت: ئەو فاکتەرانەی دەبنە لەمپەر و گرفت لە بەردەم کۆئەندامی ئاخاوتن و ڕێگریدەکەن لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بە شـێوەیەکی دروسـت، یا تێکچوونی دەنگی، هەروەها بە هەڵە ڕیزکردنیان لە لایەن ئەندامەکانی ئاخاوتن و بیستنەوە، ئەوا پەیوەندییان بە مێشک و جەستەوە هەیە، بە گوتەیەکی دیکە پێواژۆی ئاخاوتن پەیوەندیی بە ئەندامەکانی لەشـی مرۆڤەوە هەیە، ئەو ئەندامانەشـی یارمەتیی بەرهەمهێنانی وشـە و دەربڕین دەدەن زۆرن، بۆیە هەر کەموکوڕییەک تێیاندا دەبێتە ڕێگر لە بەردەمی جوڵەی ئاخاوتن و ڕێکی گوتن، بە هەمان شـێوە هەر ناتەواوییەک لە بەشـەکانی مێشک کاردەکاتە سـەر گوتن (جرین، ١٩٩٠: ١١١)، لێرەوە دەکرێت هەندێک لە فاکتەرە ئەندامییەکانی گرفتەکانی گوتن، بە تایبەت لە درکاندندا، لە چەند خاڵێکدا کورتبکرێنەوە:

١. هەڵئاوسـانی قوڕگ، لە ئەنجامی بەرکەوتنی توخمێکی کیمیایی یاخود سـەرمابوون یا هەر کاریگەرییەکی دیکەی دەرەکییەوە بێت. یانیش هەوکردنی قوڕگ و گەرو لە ئەنجامی توشـبوونی کۆئەندامی هەناسـەدانەوە بە هەوکردنی کاتی و درێژخایەنەوە.

**٢.** گەشـــەنەکردنی پێویســـت لە ئەندامەکانی ئاخاوتندا، تایبەت نارێکییە زگماکییەکان و ژێنەتیکییەکان/ بۆماوەییەکان، کە زۆرجار دەبێتە هۆی دروســـتنەبوونی شـــانە کرکراگەییەکانی قورگ و گەرو، یا مەلاشـــو، یاخود بە هۆی دروســـتبوونی توێژاڵێکی تەنک لە نێوان دەنگەژێییەکاندا، کە رێگری لە جولانەوەیان دەکات، و ناهێڵێت بەپێی پێویست لێکدووربکەونەوە، یا نزیکبنەوە.

**٣.** تێکچوون لە رژێنەی دەرەقیدا، کە هەنـدێک کەس بە هۆی کـاریگەریی جێنـدەری (جنس/ توخم) لە کـاتی تێپەڕبوونیان بە قۆناغی هەرزەکاریدا پێکهاتەی فسیۆلۆژییەکەی دەگۆڕێت.

(حەمەد، ٢٠١٥: ٧٦ ـ ٧٧)

**٤.** هەناســـەدان و نارێکی لە شـــەویلگە و ددان، لەگەڵ بێهێزی جەســـتە و لێولەتبوون، هەروەها زیادەگۆشـــتی نێو لوت و قەبارەی زمان.

**٥.** هەبوونی بۆشایی لە نێوان نەرمە مەلاشو و ڕەقەمەلاشودا، لەگەڵ نەخۆشی سینگ.

(دزەیی، ٢٠١٤: ١٢١)

## ١ . ٥ . ٢: فاکتەری دەروونی

سەرەڕای فاکتەری جەستەیی و ئەندامی، لایەنی دەروونیش لە گرفتەکانی گوتن و درکاندندا ڕۆڵدەبینێت، تایبەت لە منداڵان و ئەو تاکانەی هەســـتی خۆبەکەمزانینیان هەیە، کە خۆی لە ترس و دڵەڕاوکێ و جەنگ و تۆقاندن و ڕووداوی خۆرسکی، وەک ئاگر و لافاو و زەمینلەرزە، لەگەڵ نەبوونی بڕوابەخۆبوون و لێکترازاندنی خێزانەکان، هەروەها بێبەشـــبوون لە ســـۆزی کەســـە نزیکەکان، وەکو ســـۆزی دایباب، یاخود خۆی لە نازپێدانی زیاد لە پێویســـتدا دەبینێتەوە، هەندێکجاریش زۆرلێکردنی دایباب لە منداڵ بۆ ڕاســـتی گوتن و پەروەردەی نادروســـت، دەبنە لەمپەر و گرفت، کەواتە ناهاوسەنگیی لایەنی دەروونی دەبێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ توشبوون بە گرفتی زمانی (السید، ٢٠١٤: ١٢٥)، پسپۆرانی دەروونیش ئەم فاکتەرە بە >>هەڵچوونە دەروونییەکان<< ناودەبەن.

مەبەســـتیش لە هەڵچوونە دەروونییەکان پەیوەســـت بە گرفتی گوتنەوە، دەرخســـتنی هەســـتەکان بە زمان دەگرێتەوە، کە بە چەندین شـــێوە پێناســـە و ڕاڤەکراوە، بەڵام بە گشـــتی ســـەبارەت بە بەکاریگەریی بەســـەر بەکارهێنانی زمانەوە دەشـــێت، کە مەبەست لە گواستنەوەی باری ناوخۆیی گیانلەبەرە زیندووەکان بێت، لەگەڵ بەردەوامبوون و گۆڕانکاری تێیاندا بەرەو باری چالاکیی نوێ، کە دەبێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەند هەست و بارودۆخێکدا، کە لە ڕووی هێز و جۆرەوە جیاوازیی دەربڕینی زمانییان لێدەکەوێتەوە (البناء، ٢٠٠٧: ١٦)، چونکە زۆرجار فاکتەری دەروونی دەشـــێت، وەک گۆڕانکاریی فســـیۆلۆژیی ناوەکی و ڕەوشـــتی و جوڵەیی تێبینیبکرێت، لە نموونەی شێوەی دەموچاو، جوڵەی دەست و جەستە، شێوەی لەش و ...تاد. ئەم لایەنانەشی، کە زۆر بنەڕەتین، ئەوانەن کە لە ڕێگەی گوتنەکانی مرۆڤەوە، یاخود نوســـینەوە، یانیش دەربڕینە هونەرییەکانەوە دەخرێنەڕوو (الجبوري، ١٩٨٤: ١٣١).

لەوەی پێشـــووەوە دەردەکەوێت، ئاسـاییە ئەگەر منداڵێک هیچ گرفتێکی دەماری و ماسولکەیی یاخود جەستەیی نەبێت، بەڵام گرفتی گوتنی هەبێت، واتە گوتنەکانی بێزاری و شـــلەژان و پەشـــۆکاوییان پێوەدیاربێت، بۆیە زۆرینەی توێژینەوەکان بە تایبەت توێژینەوەی (لامبرت) جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان شـــێوەی دەربڕینی زمانی و لایەنی دەروونیی هەڵچووندا هەیە، کە تاک ڕووبەڕووی دەبێتەوە (عبدالهادی واخرون، ٢٠٠٣: ٢١)، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی، ئەگەر منداڵ لە ڕووی دەماری و ماسولکەییەوە کێشەی نەبوو بە واتای ئەوە نییە، کە گرفتی گوتنی نابێت، بەڵکو لایەنی دەروونی و هۆشەکی و ژیریی منداڵ لایەنی سەرەکیی زمانن لە ئاخاوتندا (مەحموود، ٢٠١٣: ١٢١)، یا باشـتر بڵێین: شـێوەی دەربڕینی تاک بەپێی گۆڕانی باری دەروونیی تاک دەگۆڕێت، یا جیاوازدەبێت، چونکە تاک لەگەڵ هەڵچوون و گۆڕانە دەروونییەکاندا ڕووبەڕووی دوو جۆر لە گۆڕانکاری دەبێتەوە، ئەوانیش: گۆڕنکارییە جەســـتەییە ناوەکییەکان، لەگەڵ گۆڕانکارییە دەربڕینە دەرەکییەکانن (محمد، ١٩٧٢: ٥٦)، کە بێگومان کاریگەرییان بەســـەر وەڵامدانەوەی زمانییە دەنگییەکان، کە لە درکاندنی دەنگەکاندا دەردەکەوێت.

### ١ . ٥ . ٣: فاکتەری ژینگەیی و کۆمەڵایەتی

دەروبەر و فاکتەری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ژینگەی تێدا ژیانی تاک کاریگەریی بەســـەر چەندیەتی و چۆنیەتیی گوتنەکانەوە هەیە، بە شێوەیەکی دیکە "ژینگە و دەورووبەر کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی سروشتی زمان هەیە، ئەمەش ڕوونە لە تێڕوانینی منداڵێک، کە لە ژینگەیەکی دەوڵەمەنددا لە لایەنەکانی زمان و ڕۆشــنبیرییەوە بژیێت، یەکێکی دیکەش لە ژینگەیەکی هەژار لە هەردوو لایەنەکەوە بژیێت، ژینگە لاوازەکە لەبەردەم پەرەسەندنی زماندا دەبێتە ڕێگر و لە ڕووی وشـــە و دەســـتوورەوە لاوازی دەکات" (خرما، ٢٠١٣: ٢٢٨)، ئەمەش گومانی تێدا نییە، بە هۆی ئەوەیە، کە لە ژینگەی دەوڵەمەند لە ڕووی زمـانەوە لایەنەکـان و ڕێگەکـانی فێرکـاری و تەکنەلۆژیا و ڕۆشـــنبیری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەهێزە، هەروەها گرنگییەکی زۆر بە فێربوونی زمان دەدرێت، و هاندان و پشـــتگیری زۆرترە، بەڵام ژینگەی هەژار لە ڕووی زمانەوە تارادەیەک زمانی منداڵ دەشــێوێنێت، و پشـــتگیری و هاندانی منداڵ بۆ فێربوون تێیدا کەمترە، ئەمە جگە لە کەرەســـتە و پێداویســـتییەکانی ژیان، کە کەمترن، زۆرجاریش لە ژینگەی هەژاریدا سەرزەنشت لە پاداشت زیاترە، وەک ئاراستەکردنی پرسیار بەخێرایی لە لایەن دایباب و کەســە نزیکەکانەوە و ســوربوون لەســەر وەڵامدانەوەی، بە گوتەیەکی دیکە ئەو تاکانەی لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوریی بەرزدا دەژیێن، ئەوا دەشـــێت، کە زووتر و باشـــتر، تەنانەت ڕوونتریش قســـەبکەن لەو منداڵانەی کە لە ژینگەیەکی نزمتر دەژیێن، چونکە ئەو منداڵانە لە ژینگەیەک گەشـــەدەکەن، کە پڕیەتی لە ئامڕازە خۆشـــگوزەرانییەکان، کە وایان لێدەکات زەخیرەی ڤاکۆبلەرییەکانیان زیادبکات (هرمز و ابراهیم، ١٩٨٨: ٢٢٠).

لەم ڕوونکردنەوەی پێشـووەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە بگوترێت: شـێواز و کەرەسـتەی ژیان ڕاسـتەوخۆ کاریگەرییان بەسـەر بەکارهێنانی زمان و چەندیەتیی سـەرکەوتنی ئەو پێواژۆیەوە دەبێت، بە تایبەت لە منداڵاندا، بەڵام جیاوازیی ئەم فاکتەرە لە فاکتەرەکانی دیکە لەوەدایە، کاتییە و بە بەراورد بە فاکتەرەکانی دیکە ئاســـانتر چارەســـەردەکرێت، بە وێنە "زمانگرتن لە ڕاسـتیدا دایک و باوک و دەورووبەر لە منداڵدا دروسـتی دەکەن، بەو واتایەی کە دووبارەکردنەوە و ڕاوەستانە سروشتییەکان لە ماوەی زمانپژانی هەر منداڵێکدا بەدیدەکرێت، بەڵام لە هەندێک منداڵی ســـروشـــتی ڕەنگە کەمێک زیاتربێت، نەزانانە دەیکەنە بەهانە و بە ((نەزانی)) دەیگۆڕن بۆ زمانگرتنی ڕاستەقینە" (باتنی، ٢٠١٥: ١٢٢).

### ١ . ٥ . ٤: فاکتەری ژینێتیکی و بۆماوەیی

لە زۆرێک لە توێژینەوەکاندا ئاماژە بە ڕۆڵی (بۆماوە) دراوە، لە گرفتەکانی گوتندا، تایبەت ئەگەر کەســـە نزیکەکانی تاکەکە توشـــی هەمان گرفتبووبن، بۆ نموونە "زۆرجاران فســـەزمانی بۆماوەییە و لە باوانەوە بۆ منداڵەکان دەگوازرێتەوە، لەوانیشـەوە بۆ نەوەکان" (خۆشـناو (أ)، ٢٠١٦: ٦٩)، ئەمەش بە هۆی ئەوەی مەبەســت لە بۆماوە، گواســتنەوەی خاســیەت و ئەدگارەکانە لە دایبابەوە بۆ منداڵەکانیان لە ڕێگەی کرۆمۆســۆمەکانیانەوە، هەروەها بۆماوەزانی (علم الوراثة) ســەلماندوویەتی ناوکی خانەی هەر مرۆڤێک لە (٤٦) چلوشــەش کرۆمۆســۆم پێکهاتووە، واتە (٢٣) بیستوسێ جووت، کە هەزارەها جیناتیان لەپشتی خۆیان هەڵگرتووە، هەر ئەم جیناتانەش نیشـانە و تایبەتمەندییەکان هەڵدەگرن و لە دایبابەوە بۆ منداڵەکانیان دەیگوێزنەوە، ئەوەی شـایانی ئاماژەپێدان بێت ئەوەیە، کە لەو (٢٣) بیستوسێ کرۆمۆسۆمە (٢٢) بیستودوو تاکیان خاسیەتە جەستەیی و بۆماوەییەکانی، وەک: ڕەنگی چاو و قژ، درێژی و کورتی، لاوازی و خاســـیەتەکانی کۆئەندامی دەرماری ناوەندی لەگەڵ کاریگەریی گلاندەکان و ... تاد. بۆ تاک دەگوازنەوە (قەرەچەتانی، ٢٠١٥: ٤٢).

### ١ . ٦: لێکەوتە و کاریگەرییەکانی گرفتی گوتن

گرفتی گوتن لە چەند ڕوویەکەوە کاریگەریی بەســـەر تاک و هەڵســـوکەوت و بیرکردنەوەیەوە دەبێت، تا ئەو ڕادەیەی دەبێت بە کێشـە بەسـەر دەروونی تاکەوە، تەنانەت هەندێکجار کەسـایەتیشـی لاوازدەکات، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین لێکەوتە و کاریگەرییەکانی ئەو گرفتە بەسەر بەکارهێنەرانی زمانەوە دەدرێت، کە بریتین لە:

١. دەبێتە مایەی سوکایەتی و گاڵتەپێکردنی تاک، ئەمەش هەڵچوونی دەروونیی لا دروستدەکات، تا ئەو ڕادەیەی هەندێکجار، دەگاتە ڕەفتاری دوژمنکارانە و شەڕانگێزی، واتە ئارەزووی تۆڵەکردنەوە دەخاتە بیرییەوە.
٢. بێبەشـــکردنی تاک لە هەندێ پلەوپایە و پیشـــەی دیاریکراو، کە ڕاســـتەوخۆ پەیوەندییان بە قســـەکردن و پەیوەندیی ڕووبەڕوو هەیە، وەکو مامۆستایەتی، بێژەری، گوتاربێژی، و ...تاد.
٣. لەدەستدانی هەلی سەرکەوتن و خۆشبەختی و خۆشەویستی و ...تاد. کە ئەمەش لە هەستی خۆبەکەمزانی و شەرمکردنەوە سەرچاوەدەگرن.
٤. گرفتی لەیەکترگەیشتن و گۆڕینەوەی پەیامی لێدەکەویتەوە.

(دزەیی، ٢٠١٤: ١٢٣)

٥. ئەم بار و گرفتەی تاک لە کۆمەڵی ئێمە و زۆربەی کۆمەڵەکاندا قبوڵنەکراوە، تەنانەت وەکو کێشـــەیەکی گەورەی چارەسەرنەکراویش هەژماردەکرێت.
٦. هەندێ لە گرفتەکانی گوتن دەبنە هۆی دابڕینی تاک لە کۆمەڵ و کەتوار/ واقیع و نقوومکردنی لە دونیای خەم و خەیاڵدا، واتە تاکی توشـــبوو ئارەزووی گۆشـــەگیری دەکات، جاری وایە زۆر کەم لەگەڵ دەوروبەردا تێکەڵ دەبێت، یان ڕادەی تێکەڵبوونی کەم و سنوردار دەکاتەوە.
٧. دواکەوتنی تاک لە فێربوون و وەرگرتنی زماندا، هەروەها بە فیرۆدانی کات و وزەیەکی زۆرتر لە کەســـانی ئاسایی لەگەڵ کەسانی توشبوو بەم گرفتەوە.

## دووەم:

## گرفتی گوتن لە درکاندنی دەنگەکاندا و ڕێگەچارەیان

ئەم پـاری دووەمە، کە لە چوار وەچەپـار و کۆمەڵێـک بـابەتی تەواوکەری یەکتر پێکهـاتووە، لەو ڕووەوە بەردەوامیی نەپچڕاوی پاری یەکەمیشـە، کە شـیکردنەوە و توێژینەوەکانی لە بارەی گرفتەکانی گوتنە تایبەت لە ئاسـتی فۆنەتیک/ دەنگسـازیدا، واتە خۆی بە ناتەواوی و کەموکورییەکانی درکاندنی دەنگەکانەوە خەریکدەکات، بە جۆرێک تێیدا چەندیەتی و چۆنیەتیی گرفتی درکاندنی دەنگەکان، لەگەڵ کاریگەرییەکانی ئەم تێکچوونە بەسەر توانای کەسـێکەوە لە بەرهەمهێنانی دەنگ نیشـاندەدات، بە تایبەت لە وەچەپاری سـێهەمدا، کە بە شـێوازی جیبەجێکەرانە داتا و ئەزمونی کۆکراوەی مەیدانی بە ئامانجدەگیرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، تێیدا هەوڵدەدرێت بناغەیەکی زانســتی و گەنجینە/ گەنجێک لە زانیاریی پەیوەســت بە بابەتەکانی گرفتی درکاندنی دەنگەکانەوە، لەگەڵ پێشنیازکردنی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو ناتەواوییە پێشکەشبکرێت.

### ٢ . ١: گرفتەکانی گوتن لە ئاستی فۆنەتیکدا

زاراوەی فۆنەتیک لە وشـەی <<Phonetikos>>ی گریکییەوە هاتووە، کە لە (Phone ـــــــ دەنگ)ـــەوە وەرگیراوە، بە کوردی دەبێتە <<دەنگسازی>>، کە توێژینەوەی زانستییانەی دەنگەکانی زمانی لە ئەستۆدایە. یا لە دیوی دەنگی زمان دەتوێژێتەوە، جیاوازیی لەگەڵ بەشـــەکانی دیکەی زانســـتی زماندا لەوەدایە، کە تەنیا لە ئەرک و دەوری زمانی نادوێت، بەڵکو ئاوڕ لە ڕووی مادیی بابەتەکەش دەداتەوە، بە جۆرێک کاری ڕشـــتەی ئاخاوتن: ئەو ئەندامانەی مرۆڤن، کە وزەی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی ئاخاوتنیان هەیە، بە گوتەیەکی فرەوانتر ڕشـــتەی ئاخاوتن و ســـیســـتەمی دەمارە نیۆەندییەکان و ئەندامانی بیســـتن و بینین، کە بۆ وەرگرتنی دەنگ پێویســـتن، لەگەڵ ئەندامانی گوتن، کە بۆ بەرهەمهێنانی دەنگەکانی ئاخاوتن گرنگن دەگرێتەخۆ، لەبەرئەوەیە کە پەیوەندیی بە چالاکی نازمانیشەوە هەیە: ئەنەتۆمی (توێکاری) و فریزۆلۆژی پەیدابوون و دروستبوونی ڕشتەی ئاخاوتن و بیستنەوە، لە لایەکی دیکەشـەوە فۆنەتیک وەک زانستی زمان پەیوەندیی بە دەروونناسـیشەوە هەیە، چونکە چالاکیی ئاخاوتن بەشـێکە لە چالاکی دەروونیی ئادەمیزاد، یاخود ڕەفتارێکە لە ڕەفتارەکانی (حاجی مارف، ٢٠١٤: ١٥٤ ، ٢١٤).

زمانەوان و پســپۆڕانیش کۆڕان لە بارەی ئەوەی زمان لە کۆمەڵێک دەنگی درکێنراو پێکدێت، کە ڕۆڵی وشـە و گوتەی ئامادەکراو، یا دەربڕینێک دەگێڕن، کە دەگوترێت یا دەنوســرێت (ســلیم، ٢٠١١: ٢٥)، ئەمە جگە لەوەی، کە

پێواژۆی بەرهەمهێنانی یەکە دەنگییەکان (Articulation) ئاڵۆزە و پێویستیی بە پلانی گونجاندن و بەڕێوەبردن و ڕێکخستن، یا هەماهەنگی جوڵەی ئەندامەکانەوە هەیە، توێژینەوەی ئەم لایەنەش بە دەنگسازی درکاندن (Articulator Phonetics) ناسراوە، کە توێژینەوە لە جوڵەی ئەندامەکانی ئاخاوتن بۆ درکاندنی دەنگەکان دەکاتەوە (سەعید، ٢٠١١: ٢٣٩). هەر کاتێکیش زانرا، هیچ ناتەواوییەک لە ناوچە بەرپرسەکانی بەرهەمهێنانی گوتن و ئەندامەکانی گوتندا نییە، ئەوا ئەو ئەرکە بە سەرکەوتوویی بە ئەنجامدەگات، بە پێچەوانەشەوە هەر لەمپەر و ناتەواویەکیش بهێتە ڕێگەی، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکەی دەبێت بە گرفت بۆ گوتن، چونکە ئامانجی سەرەکی لە بەگەڕخستنی ئەم ئەندامانە گەیاندنی ئاخاوتنێکی ڕوون و ڕەوانی پەیامدارە. جا ئەم کاریگەرییە، یاخود نەخوازراوییەکان لە ئاستی دەنگسازیدا دەکرێت، بەم شێوەیە بژمێردرێن:

١. کاتێک دەنگ بە ڕێژەی گونجاو بەرزنەبێت، واتە بە ئەندازەی ژینگەی کار و ژیانی ئاسایی نەبێت، تاوەکو بە ئاسانی ببیسترێت.

٢. دەنگێک تایبەتمەندییەکی ناوێزەی هەبێت، کە لە لایەن گوێگرەوە پەسەندنەکراوبێت، یا بیستنی ئاساننەبێت، یاخود لە ڕێگەیەوە تێگەیشتنی پێویست نەهێتەئاراوە، و گۆڕان لە واتا و مەبەستدا دروستبکات.

٣. بوونی بەرزی و نزمییەکی وەها، یا لەرە و تایبەتمەندییەکانی دیکەی دەنگی، کە لادانێکی وەهای دروستکردبێت، لەگەڵ تەمەن و جێندەری قسەکەردا نەگونجێت، یاخود سەرنجی گوێگر زۆر بە لای شێوازی دەربڕین و درکاندنەکەوە بێت، نەک مەبەستەکە.

(باتنی، ٢٠١٥: ١١٦ ـ ١١٧)

٤. کاتێک بە هۆی گۆنەکردنی تەواوی دەنگەکانەوە ئاخاوتنەکە تێگەیشتنی پێویست نەهێنێتەئاراوە.

٥. گرفتی گۆڕینەوەی دەنگێک بە دەنگێکی دیکە، واتە فسەزمانی.

٦. دووبارەکردنەوەی دەنگێک چەند جارێک بەبێ هۆ، واتە لاڵەپەتەیی.

٧. دەرچوونی هەوا لە بۆشایی لوتەوە.

٨. گرفتی چینی دەنگ، واتە ئەو کەسانەی دەنگییان ناسکە یا گڕە.

بە گشتی گرفتەکانی گوتن لە ئاستی دەنگسازیدا، یا درکاندنی دەنگێک، کە جۆرە تایبەتمەندییەکی هەبێت، کە بیستنی بۆ گوێگر پەسەندنەبێت (باتنی، ٢٠١٥: ١١٧) دەکرێت پەیوەندیداربن، "بەو ناتەواوییانەی، کە لە ئەندامەکانی گوتن و ئاخاوتندا بە تایبەتی لە منداڵاندا، لە کاتی زگماکی، یا لە کاتی لەدایکبوونیدا، یان دوای لەدایکبوون ئەندامەکانی گوتن بە شێوەی ئاسایی خۆیان گەشەناکەن، یان بە ناتەواوی گەشەدەکەن بە تایبەتیی قوڕگ و گەرو، مەڵاشو، زمان و لێو و ددانەکان، کە دەبنە هۆی گیروگرفت لە کاتی درکاندنی ئەو دەنگانەدا" (حەمەد، ٢٠١٥: ٧٩)، هەروەها لەگەڵ کاریگەریی لایەنی دەروونی و بۆماوەیی و کۆمەڵایەتی و ...تاد. بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە "هەندێک لە تایبەتمەندییە نەخوازراوەکانی ئاخاوتن لە منداڵیدا بە لاساییکردنەوەی یەکێک لە دەوروبەرەکەی دەستپێدەکات و تاوەکو گەورەیی هەر دەمێنێتەوە، بەڵام هەندێکیتر لە تایبەتمەندییە نەخوازراوەکانی ئاخاوتن هۆکاری ئەندامی و جەستەیی هەیە. بە تایبەتمەندیی گروپی یەکەم کەموکوڕی ئاخاوتن یا گۆکردن دەگوترێت و گروپی دووەم بە بێ سەروبەرییەکانی ئاخاوتن یان گۆکردن ناودەبرێت" (باتنی، ٢٠١٥: ١١٦)، دیاریکردنی فاکتەری هەریەکێکیشیان ئاسان نییە، بە جۆرێک کارێکە لە لایەن شارەزایانی بواری >>چارەسەری دەروونی ــــ psychotherapy<<یەوە دەکرێت، بەڵام بە گشتی وا پێشبینیدەکرێت، ئەوانەی گروپی یەکەم زۆرتر بە هۆی لایەنی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و دەروونییەوەبن، هەرچی بێسەروبەرییەکانی ئاخاوتن یا گۆکردنیشە، ئەوا بۆ فاکتەری ئەندامی و جەستەیی لەگەڵ ژینێتیکی و بۆماوەییەکان بگەڕێنەوە.

دوای ئەم ڕوونکردنەوانەی پێشوو، لێرەوە هەوڵدەدرێت هەندێ لە نەخوازراوی و گرفتەکانی گوتن لە ئاستی دەنگسازیدا تایبەت درکاندنی دەنگەکان، لە ژێر ڕۆشنایی >>دەنگسازیی کەموکوڕیی دەربڕین<<دا بخرێنەڕوو، کە وەک لقێک لە لقەکانی دەنگسازی، تایبەت بە پەسنکردن و توێژینەوەی کەموکوڕییەکانی دەربڕینی دەنگەکانە لە لای تاکەکان، لەگەڵ هەوڵدان بۆ پێشنیازکردن و دیاریکردنی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆیان (دزەیی، و ئەوانی دیکە، ٢٠١٣: ١٧).

### ٢ . ٢: گرفتی درکاندنی دەنگەکان

بە هۆی ئەوەی گرفتی درکاندنی دەنگەکان یەک جۆر و شـــێوازیان نییە، ئەوا لە پێناو ئاســـانی توێژینەوەدا دەکرێت، کە پشـتبەسـت بە فاکتەری ڕوودان و هاتنەئارای گرفتەکان لە دوو لایەنی جیاوازەوە سـەیربکرێن، کە ئەوانیش خۆیان لە گرفتی پەیوەست بە لایەنی ئەندامی و نائەندامییەکانەوە دەبیننەوە، بەم شێوەیە:

### ٢ . ٢ . ١: گرفتە ئەندامییەکانی درکاندنی دەنگەکان

نەخوازرازی و تێکچوونە دەنگییەکان پەیوەســـت بە ئەندامەکانی گوتنەوە لە ئاســـتی بەرهەمهێنان و درکاندنی دەنگەکاندا، چەندین گرفت دەگرێتەوە، لەوانە:

### ٢ . ٢ . ١ . ١: شەقبوون یا کونبوونی مەلاشو

شەقبوون یا کونبوونی مەلاشو، ئاماژەیە بۆ دروستنەبوونی شانە کرکراگەییەکانی بنمیچی مەلاشوی منداڵ، لە نێو منداڵدانی دایکدا، کە بە ناکامی لەدایک دەبێت، واتە بە تەواوی بۆی دروســـتنابێت، ئەمەش بە هۆی گەشـەنەکردنی کۆرپەلەوە بە شـێوەیەکی سـروشـتی لە نێو منداڵداندا ڕوودەدات، هەروەها دەبێتە هۆی مانەوەی ئەم کونە، بەڵام لە منداڵی ئاساییدا بە گەورەبوون و گەشەکردنی کۆرپەلە ئەو شانانە دەچنەوە پاڵیەک، بۆیە ئەو کونە یا شەقبوونە نامێنێت، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایی گەشەینەکرد، ئەوا بۆی دروستنابێت و بۆشاییەک لە دەم بەجێدەهێڵێت، بنمیچی مەلاشو کون دەبێت و دەبێتە هۆی کرانەوەیەک، لە نێوان دەم و بۆشایی لوتدا، کە لە کاتی پاڵنانی هەوا بۆ دەرەوە لە کاتی هەناسـەداندا هەوا ڕێڕەوی خۆی بۆ نێو بۆشایی لوت دەگۆرێت (حەمەد، ٢٠١٥: ٨١ ـ ٨٢) وەک لە وێنەی ژمارە (١)دا دەرکەوتووە، واتە لە کاتی بەرهەمهێنانی ئەو دەنگانە سازگە و شوێنی دروسـتبوونیان مەلاشـووە، ئەوا ئاوازێک لە لوتەوە دەردەچێت، کە جۆرێک لە گناندن، یا منگی دروسـتدەکات (عەبدولکەریم، ٢٠١٥: ٢٥)، ئەو دەنگانەشـــی لە زمانی کوردیدا ناتەواوی و بوونی کەلێن لە مەلاشـــودا کاریگەریی دەخاتە سـەر درکاندنیان، دەشـێت هەریەک لەدەنگەکانی [ک، گ، ش، ژ، ی ، پ ، ب، و (w) وو ، و (u) ، ... تاد.] بێت.



وێنەی ژمارە (١)  دیارە مەلاشوش دەبێتە دوو بەش:

#### -مەلاشوی نەرم

مەلاشوی نەرم، یاخود نەرمە مەلاشو لەگەڵ دواوەی زماندا، وەکو ئەندامێکی درکاندن و گۆکردنی چەند دەنگێک بەکاردەبرێت، لەوانە: [ک، گ ، خ ، غ]، هەروەها لە کاتی درکاندنی دەنگە زارییەکاندا بەرزدەبێتەوە و ڕێڕەوی لوت دەگرێت، کە ناهێڵێت هەوا لە لوتەوە دەرچێت، واتە دەبێتە هۆی دروسـتبوونی کۆنسـنانتە زارییەکان، وەکو [پ] ، [ب] (عەلی، ٢٠١٥: ٣١) بەڵام زۆرجار بە هۆی ناچالاکیی نەرمە مەلاشـــووەوە، ناتوانرێت ڕێڕەوی لوت بەتەواوی دابخرێت بۆیە هەندێک لەو هەوایەی دەبێت لە زارەوە دەربچێت، ئەوا لە لوتەوە دەربازدەبێت، کە لە ئەنجامدا گرفتی (گنی) دروستدەبێت، بە شێوەیەک وادەزانرێت بە دەنگە لوتییەکان قسەدەکرێت.

#### - مەلاشوی ڕەق

وەک لە ناوەکەیەوە دیارە پێکهاتەیەکی ڕەقە، و ئەو بەشەی مەلاشو دەکەوێتە دوای پوک، ناوچەکەشی بەوە لە پوک جیادەکرێتەوە، کە شێوەیەکی قوپاوی هەیە (بشر، ٢٠٠٠: ١٣٩)، هەروەها پێشەوەی زمان لەگەڵ مەلاشوی ڕەقدا، دەبێتە شوێن و سازگە بۆ درکاندنی هەندێک دەنگ، لە دیارترینی ئەو دەنگانەی بە هۆی مەلاشوی ڕەقەوە دروستدەبێت دەنگی [ی]ی نیمچە ڤاوڵە، چونکە لە کاتی درکاندنیدا زمان جۆرە جوڵەیەکی تێدایە، کە ئەمەش وادەکات ڕێڕەوی هەواکەی بگۆڕێت، یا هەوایەکە بەر مەلاشوی ڕەق بکەوێت، هەر ئەمەشە [ی]ی ڤاوڵ لە نیمچە ڤاوڵ جیادەکاتەوە.

(دزەیی، و ئەوانی دیکە، ٢٠١٣: ٦١)

## ٢.٢.١.٢: شەقبوونی لێو

لێوەکان بەو دوو بەشــە، یاخود ئەندامە گۆشــتە دەگوترێت، کە دەوری دەمیان داوە و توانســتی جولانەوەیان هەیە، هەروەها بە ئاســانی ســەرنجی جولانەوەیان دەدرێت، هەردوو لێو لەگەڵ درکاندنی هەندێک دەنگدا چەند بارێکی تایبەتی وەردەگرن، کە کاردەکەنە سەر جۆر و سیفەتی دەنگەکان، بۆ نموونە خڕبوونەوە و هاتنەوەیەکی هەردوو لێو لە کاتی درکاندنی [وو] و [و]، یا کرانەوەی تەواو لە کاتی درکاندنی [ا]دا (عەلی، ٢٠١٥: ٣٣)، بەڵام هەندێکجار لێو گرفتی هەیە، یا وەک پێویســت گەشــەینەکردووە و توشــی شــەقبوون دەبێت، کە بریتییە لە پارچەبوونی لێو و چاڵبوونی بۆ ژوورەوە، کە کار دەکاتە ســەر شــێوەی لوت، ســەرەڕای تێکچوونی پوک و ددانیش لەگەڵیدا، ئەمەش کاریگەریی بەســەر دەنگە جیاجیاکانەوە هەیە، بە هۆی نەوەســتانی هەوا لە کاتی درکاندنی دەنگەوەســتاوەکان و ئەوانەی لێوەکان بەشــداری لە درکاندنیاندا دەکەن (حەمەد، ٢٠١٥: ٨٩)، لە زۆر باریشــدا شــەقبوونی لێوەکان هۆیەکەی ڕاســتەوخۆ پەیوەندیی بە زۆر گرفت و نەخۆشــی دیکەوە هەیە، کە سەرەکین بوونەتە هۆی ئەوەی شەقبوونی لێوەکان ڕوودات (فلیتشەر، ٢٠١٤: ١٥).

بە گشتی شەقبوونی لێوەکان یا گرفتی لێوەکان، لە سێ شێوە و جۆردا دەرکەوێت، وەک لە وێنەی ژمارە (٢)دا دەرکەوتووە، ئەوانیش: شەقبوونی یەکلای لێو، شەقبوونی دوولای لێو و شەقبوونی لێو لەگەڵ مەلاشووە.



وێنەی ژمارە (٢)

ئەم گرفت و ناتەواوییەش دەبێتە لەمپەر لەبەردەم درکاندنی ئەو دەنگانەی ســازگەی درووســبوونیان لێوەکانە یان لێو و ددانە، وەک [پ ، ب ، م ، و (W)، ف ، ڤ] ، هەروەها کاریگەریشــی بەســەر درکاندنی دەنگە ڤاوڵەکانی [و ، وو ، ۆ]دا دەردەکەوێت.

## ٢.٢.١.٣: گرفتی چینی دەنگی

ئەم گرفتە، بە هۆی بوونی ناتەواوی لە دەنگەژێکاندا ڕوودەدات، وەک ئەو نێرانەی دەنگیان مێینە و ناسکە، یان ئەو مێینانەی دەنگیان نێرانە و گڕە. ئەمەش زیاتر پەیوەندیی بە پێکهاتەی دەنگەژێکان و چۆنیەتی و چەندیەتیی

لەرینەوەیـانەوە هەیە، بە گوتەیەکی دیکە دەنگی مرۆڤ جیـاواز دەبێت بە بڕی گرژیی دەنگەژێییەکـان و ئەو هەوایەی پێیدا تێپەڕدەبێت.

دەنگەژێیەکان، کە بە (جووتە تاڵە دەنگییە راســـتەقینەکان)یش ناودەبرێن، لە پێشــــەوە لای ســـێوی ئادەم بەیەکدەگەن و لە دواوەش بە کرکراگەی جووتە قۆچکەی تەنراو بەســـتراون. ئەمەش وای لێکردوون بتوانن شـــێوەی جیاواز وەربگرن لە کاتی رێگرتنیان لە هەوای دەرچوو. شـــێوەی ئەم رێگرتنەش جۆری دەنگەکە دیاریدەکات سەبارەت بەوەی گڕە یا کپ (انیس، ١٩٩٩: ١٩)، درێژیشیان لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە، هەروەها لە نێوان نێر و مێشدا جیاوازە، بە جۆرێک درێژیی تاڵە دەنگییەکان لای نێری پێگەیشتوو لە نێوان (١٧ ـ ٢٤ ملم) دەبێت، لای مێینە لە نێوان (١٣ ـــــــــ ١٧) دەبێت، جگە لەوەی چەند جارەی کرانەوە و هاتنەوەیەکیشـیان لە چرکەیەکدا لە نێوان نێر و مێدا جیاوازە، بە جۆرێک لەرەلەری ســـەرەکی لای نێرینە بە نزیکەی (١٢٥ هێرتز)، و هی مێینە بە نزیکەی (٢٠٠ هێرتز) و لە لای منداڵانیش بە نزیکەی (٣٠٠ هێرتز) دیاریکراوە (محمەد، ٢٠٠٨: ٢٤ ـــــ ٢٥)، ئەمەش وایکردووە، کە دەنگی پیاو ئاوازەیی کەمتربێت و قووڵی و قەڵەوی زیاتر بێت، بەڵام دەنگی ئافرەت یا مێینە بە پێچەوانەوە ئاوازەیی زیاتر و ناسـکترە (Thibodeau & patton. 2003: 690)، هەروەها هەر گرفتێک لەم تاڵە دەنگییانە روویدات، یاخود بە هۆی تێکچوونی هۆرمۆنییەوە قەبارەیان بگۆڕێت، ئەوا راســـتەوخۆ کاریگەریی بەســـەر ژمارەی لەرەلەرەکانیان دەبێت، لە ئەنجامیشـــدا کاردەکاتە ســـەر چینی دەنگی درکێنراو لە لایەن تاکەکانەوە.

### ٢ . ٢ . ١ . ٤: گرفتی دەنگنوسان

ئەم گرفتە بۆ ئاوسـانی ماسـولکەکانی قوڕگ و گەرو دەگەڕێتەوە، کە لەوانەیە بە هۆی هاوارکردن و قسـەکردن بە دەنگی بەرز، یاخود بە هۆی ســـەرمابوونەوە، تەنانەت لەوانە بە هۆی قســـەکردنی زۆریشـــەوە، یانیش هەر نەخۆشـــی و گرفتێکی دیکەوە روویدات، کە توشـــی قوڕگ دەبێت و دەبێتە هۆی دەنگنوســـان، هەروەها لە ئەنجامیشـــدا تاکی پێشـــکەوتوو گۆڕان لە تۆنی دەنگەکانیدا دروســـتدەبێت، بە جۆرێک ناتوانێت دەنگەکان بە شێوەی ئاسایی بدرکێنێت، تا ئەو رادەیەی کە (ماس و کۆپ) جەخت لەوە دەکەنەوە، هەوکردنی ئاڵوەکانی گەرو، ڕەنگە ببێتە هۆی لە دەسـتدانی هەندێ لە بەشـەکانی مێشـک، بە تایبەتی مەڵبەندی قسـەکردن، زۆرجاریش ئەم هەوکردنە دەگاتە گوێی ناوەڕاســـت (Olitis Media)، کە بەمەش کاریگەریی نەک تەنیا لەســـەر ئاخاوتن و بەرهەمهێنانی دەنگەکان، بەڵکو کاریگەریی بەسەر بیستنی تاکیشەوە دەردەکەوێت (دزەیی، ٢٠١٤: ١٢١)

### ٢ . ٢ . ٢: گرفتە نائەندامییەکانی درکاندنی دەنگەکان

جگە لە فاکتەرە ئەندامییەکان، نائەندامییەکانیش کاریگەرییان بەســـەر دەربڕین و درکاندنی دەنگەکانەوە هەیە، تەنانەت لە زۆربارادا کاریگەرییەکان زیاترنەبێت، کەمتر نابێت، لە توێژینەوەکانیشـــدا بە گرفتە ئەرکییەکان (Function Disorders) ناسراون، بە وێنەی گرفتی <<ئەفۆنیا ــــ Aphonia>>، کە لە لەدەستدانی توانای دروســـتکردنی دەنـگ (هســـتری) خۆی دەبینێتەوە، و زۆرجـار بە هۆی نـاجێگیریی بـاری دەروونی و بڕوابەخۆنەبوون بەتایبەتی لە منداڵدا رووودەدات، ئەگەرچی ئەندامەکانی درکاندن و ئاخاوتنیشـــی بێکەموکوڕی بێت (حەمەد، ٢٠١٥: ٩٧)، واتە ئەم گرفتە بە گشـــتی پەروەردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنی دەروونی بەسـەرییەوە کاریگەرن، هەروەها لە ئەنجامدا تاک بە هۆی فاکتەرە نائەندامییەکانەوە توشی چەندین شـلەژان و بێسەروبەری دەبێتەوە، ئەوەی ئەم جۆرە شلەژان و گرفتە لە ئەندامییەکانی پێشوو جیادەکاتەوە، ئەوەیە زۆرتر کاتییە، بە نەمانی کاریگەرییەکەی ســەری نامێنێت، واتە تاک دەگەڕێتەوە باری ئاســایی خۆی، تەنیا لەو بارانەدا نەبێت، کە گرفتەکە هەردوو تێکچوونی ئەندامی و نائەندامی پێکەوە کارییان لە تاک کردبێت.

وەک ئاماژەی بۆ کراوە، درکاندنی دەنگەکان دیاردەیەکی ئاڵۆزە، کە ســـەرچاوەکەی تاکەکەســـە، بۆیە هەر فاکتەرێک کاری تێبکات، ئەوا راستەوخۆ لە درکاندن و دەربڕینی دەنگەکاندا بەدەردەکەوێت، سەبارەت بە گرفتی نائەندامی لە درکاندنی دەنگەکاندا دەکرێت، ئاماژە بەم چەند گرفتە بدرێت:

## ٢ . ٢ . ٢ . ١: گرفتی گۆڕینەوە (Substitution)

ئەو گرفتەیە، کە تێیدا تاک دەنگێک بە دەنگێکی دیکە دەگۆڕێتەوە، تایبەت ئەوانەی سازگەی دروستبوونیان یەکە، یا لە یەکەوە نزیکە (ڕەشید، ٢٠١٩: ١٢٢)، بەم پێیە دەکترێت، بگوترێت: مەبەست لە کردەی گۆڕینی دەنگێک بە دەنگێکی دیکەیە لە نێو پێکهاتەی هەمان وشەدا، تایبەت ئەو دەنگانەی شێوە و سازگەی درکاندنیان لەیەکترییەوە نزیکە، و کاتێک قسەکەر دەیەوێت دەنگی دیاریکراو بدرکێنێت، ئەوا ناتوانێت ئەو دەنگە بدرکێنێت، بەڵکو لە بری ئەوە دەیگۆڕێت بە دەنگێکی دیکە، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| بۆق [ق] ← [ک] بۆک | برنج [ر] ← [ن] بنج |
| کورسی [س] ← [پ] کورپی | شاد [د] ← [ت] شات |
| چەپک [چ] ← [ش] شەپک | دەچم [چ] ← [س] دەسم |

## ٢ . ٢ . ٢ . ٢: گرفتی لابردن (Distortion)

دیاردەی کرتاندن و لابردن یا پەڕاندنی دەنگێک لە وشەیەکدا کاردەکاتە سەر توانای تێگەیشتن، ئەم دیاردەیە زیاتر لە دەنگە کۆنسنانتە کپەکاندا ڕوودەدات بە تایبەت لە کۆتایی وشەدا، کە جیاوازە لە تێچوونی یاسا دەنگییەکان، چونکە لەوێدا کار لە واتا ناکات، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| گۆشت ← گۆش | پشت ← پش |

ئەگەر سەرنج بدرێت وشەکان واتایان گۆڕاوە یا بێواتابوون، بەڵام لەم نموونانەدا واتا نەگۆڕاوە:

| | |
|---|---|
| دەخوات ← دەخوا | بەغداد ← بەغدا |

## ٢ . ٢ . ٢ . ٣: گرفتی دووبارەکردنەوە (Repetitions)

ئەم گرفتە پێواژۆی دووبارەکردنەوە، یا چەند بارەکردنەوەی دەنگێک یا زیاتر لە درکاندنی وشەیەکە، کە لە ئەنجامدا واتای وشەکە دەگۆڕێت یاخود تێکدەچێت، بە گوتەیەکی دیکە بریتییە لە دوبارەکردنەوەی دەنگێک، ... بە شێوەیەکی یەک بە دوای یەکەوە دەبێت، بە ڕادەیەک گوێگر هەستی پێدەکات. تەنانەت گوێگر هەست بە ناتەواوییەک لە ئاخاوتنی ئەو کەسە دەکات و دەشزانێت ئەو کەسە زمانی دەیگرێت، وەک:

هەندێک جار نەنەنەدەچووینە دەرێ.

(محەمەد، ٢٠٠٨: ٧٦)

جێگەی ئاماژەکردنە، کە ئەم گرفتە لە توێژینەوە کوردییەکاندا بە هەریەک لە زاراوەکانی <<جەلجەلە>> و <<زیادکردنی دەنگ>>یش ناوبراوە (بڕوانە: ڕەشید، ٢٠١٩: ١٢٢ + حەمەد، ٢٠١٥: ١٠٢)، بۆیە ئێمە لە پێناو پتر ڕوونکردنەوە ئەم نموونانەش دەخەینەڕوو:

- چچچچچاوم دددددێشی.
- بببابە ججێمم مەهێڵە.

فففففانۆس ، هههههەرمێ ، تتتتتتتتەرۆزی

لە دوای وردبوونەوە و سەرنجدانی نموونەکان و بەراوردکردنیانەوە دەردەکەوێت، کە هیچ جۆرە زیادکردنێکی دەنگی لە ئارادا نییە، بەڵکو تەنیا دووبارەبوونەوەی هەمان دەنگە، کەواتە زاراوەی >>زیادکردنی دەنگی<< بەرانبەر بە >>دووبارەکردنەوە<< بۆ ئەم گرفتە پەسەند و گونجاو نییە.

### ٢ . ٢ . ٢ . ٤: گرفتی وەستان (Blocking)

گرفتێکی دیکەی تاک لە درکاندنی دەنگەکان وەستانە، یاخود بلۆکبوونی لەناکاو، کە خۆنەویستە و لە ژوور دەستەڵاتی تاکدایە، بە کاریگەری فاکتەرە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، یاخود لایەنی دەروونییەوە پەیوەندیداردەبێت، کە بە هۆیەوە هەندێکجار توانای قسەکردن و گوتن چەند چرکەیەک لای تاکی قسەکەر دەوەستێت، تا بەسەر شەرمەکەیدا زاڵدەبێت، هەندێکجاریش بە تەواوەتی لە دەربڕین دەوەستێت، بەڵام بە گشتی زمان وەستان گرفتێک نییە بۆ قسەکردن، بە بەراورد بە گرفتەکانی دیکە، چونکە لە زۆربارردا ئاسایی قسەدەکات، ئەگەر بارودۆخ و ژینگەکە گونجاوبێت، بە تایبەت لە بار و کاتێکدا، ئەگەر کەسی بەرانبەر لە ڕووی پلەوپایەوە، یاخود تەمەنەوە لە خۆی بچوکتربێت، ئەوا زۆر بەئاسانی قسەدەکات، یاخود دووچاری هیچ گرفتێک نابێتەوە (دزەیی، ٢٠١٤: ١١٤)، بۆ نموونە:

کـ 0 کاکم هات.

زانکۆ بـ 0 بە ....

### ٢ . ٢ . ٢ . ٥: درێژکردنەوە (Prolongation)

درێژکردنەوەی دەنگێک لە کاتی درکاندنیدا یەکێکی دیکە لەو گرفتە هەستپێکراوانەیە، کە لە درکاندنی دەنگی دەربڕاوی وشە و دروستەکاندا ڕووبەڕووی تاک دەبێتەوە، کە ڕاستەوخۆ گوێگر هەست بە گرفتەکەی دەکات، یاخود دەیناسێتەوە، بۆ نموونە:

خ : : ۆ بە دڵتە.

لـ : : : ـە زانکۆ.

ئەم گرفتە لە دووبارەکردنەوە نزیکە، بەوە لە یەک جیادەبنەوە تەوژمی هەوای هاتوو لە درێژکردنەوەدا ناپچڕێت و ئەندامەکانی درکاندن ناگەڕێتەوە باری ئاسایی، واتە هەر لە بەردەوامیدا دەمێنەوە، بەڵام لە دووبارەکردنەوەدا جۆرێک لە وەستان دەکەوێتە نێوان دەنگە دووبارەکراوەکانەوە.

### ٢ . ٣: نیشانەکردنی جێبەجێکەرانە و مەیدانی دەربارەی گرفتەکە

زۆرێک لە توێژینەوەکان لە بواری زانستی زمانی دەروونیدا ئەنجامەکانیان بەو ئەزمون و داتایانەوە پەیوەستدەکرێن، کە لە قسەپێکەرانی زمانەکەوە وەردەگیرێن، ئەمەش لە ڕێگەی بەدواداچوونی مەیدانییەوە، پاشان پۆلکردن و شیکردنەوەی داتا وەرگیراوەکانەوە دەبێت، ئەم کارەش لە پێناو بەدەستهێنانی چۆنیەتیی کارکردنی زمانە، ئەم توێژینەوەیەش لەم بابەتەدا جەخت لەسەر هەندێک لە گرفتەکانی گوتن لای تاکی کورد دەکاتەوە، بە تایبەت ئەو تاکانەی گرفتی ئاشکرا لە درکاندنی دەنگەکانیاندا هەیە، چونکە ئەرکی توێژەری گرفتی گوتن: تەنیا دەستنیشانکردنی ئەو ماک و نیشانانە نییە، کە لە بەکارهێنانی زمانی تاکدا دەردەکەون، بەڵکو پێویستە لەگەڵیدا هۆکاری سەرهەڵدانی گرفتەکە و ئەو هەڵوەستانەش دەستنیشانبکات، کە گوێگر/ وەرگر لە بەرانبەر تاکی دووچاربوو دەیاننوێنێت (بڕوانە: الزريقات، ٢٠٠٥: ٢٤٢)، بۆ نموونە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانی ئەم توێژینەوەیە، ڕۆژێک لە دوکانی (....) ڕووداوێکم بە چاوی خۆم بینی، کە جێگەی هەڵوەستەکردنبوو، ئەگەریش هەیە ئەم ڕووداوە ڕۆژانە دووبارەبێتەوە، ڕووداوەکەش بەم شێوەیەبوو:

یەکێک لە کوڕەکانی خاوەن دوکانەکە گرفتی (دووبارەکردنەوە ـــــ Repitition)ی هەبوو، کوڕەکە وەڵامی کڕیارێکی دایەوە، بەڵام لە قسەکردنیدا کردەی دووبارەکردنەوە ڕوویدا، بەم جۆرە:

ـ وەڵڵڵڵڵا نەنەنەنەنەمان مممماوە.

ـ بببببببەيانننننى ببببببببۆمان دێت.

لەم کاتەدا، واتە کاتی ئاخاوتنەکە باوکەکە هاوارێکی بەسەر کوڕەکەیدا کرد، و گوتی: [دانیشە پتە پت مەکە، چەندجار گوتومە تۆ قسەمەکە و نازانیت وەڵامبدەیتەوە]، ئەگەر سەرەنج لەم ڕووداوە بدەین، ئەوا دەبینین: (۱) ئەم هەڵوەستەی باوکەکە نەرێنی بووە بەرانبەر بە گرفتی کوڕەکەی، کاریگەریی دەروونی بەسەریەوە دەبێت. (۲) لەوانەیە ئەم هەڵوەستە ببێتە فاکتەرێک بۆ زیادبوونی گرفتەکە لە کاتی ئاخاوتندا بە تایبەتی لە نێو دووکانەکەدا. (۳) جگەلەوەش ئەم کاردانەوەی باوکە لەوانەیە ڕێگەخۆشبکات، تا هاوپیشەکانی، کارکەرەکانی نێو دووکانەکە و هاوسێیەکانی گاڵتەی پێبکەن، یا توانج و پلاری لێبدەن.

پشتبەست بەو ڕاستییەی، کە دیاریکردنی هەر بارێک لە بارەکانی گرفتی گوتن لە چاوپێکەوتن، تاقیکردنەوە و تێبینیکردنی ڕاستەوخۆوە دەبێت، کە توێژەر و پسپۆڕی بوارەکە لەگەڵ کەسی دووچارهاتوو و دەوروبەرەکەی ئەنجامیدەدات، واتە بەبێ ئەنجامدانی ئەم کردارانە ناتوانرێت بڕیار لە باری گرفتەکەوە بدرێت، هەروەها نازانێت ئەم بارەی تاکەکە بە گرفت هەژماردەکرێت یاخود نا؟، ئەگەر گرفت بێت، ئەوا چ جۆرە گرفتێکە؟، کەواتە توێژەری بواری گرفتەکانی گوتن بە ئەنجامدانی [چاوپێکەوتن، تاقیکردنەوە و تێبینیکردن] دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، هەر کاتێکیش وەڵامی ئەم پرسیارانەی دایەوە، دەتوانێت ستراتیژیەتی چارەسەرکردنی ئەم بارە دیاریکراوەی کەسەکە پێشنیازبکات.

لە لایەکی دیکەشەوە دیاریکردنی هەر بارێک لە گرفتی گوتندا پێویست بەوە دەکات، کە توێژەری ئەم بوارە دۆسیەیەکی تەواوی لەسەر کەسەکە هەبێت، و هەموو زانیارییە بەدەستهاتووەکانی کردەکانی پێشەوەی لەخۆیگرتبێت، پاڵپشت بە توێژینەوەکانی ئەو بوارە و بوارەکانی دیکەی گرفتە زمانییەکان، شارەزایان پێیانوایە، کە دەبێت زانیارییەکان لەسەر چەند ڕەهەندێکی پەیوەست بە گرفتەکەوە بێت، کە بریتین لە:

1. مێژووی گرفتەکە لە نێو ماڵبات/ خێزانی کەسی خاوەن گرفتدا.
2. کەی گرفتەکە لای تاکەکە سەریهەڵداوە و بەدیارکەوتووە.؟
3. ئایا ماوەی گرفتەکە لە شەش (٦) مانگ زیاتر یاخود کەمترە؟
4. بەر لە توشبوون و دەرکەوتنی گرفتەکە چ ڕووداوێک ڕوویداوە؟

بەم شێوەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم دەرئەنجامانەی پێشووەوە، ئەم کارە ئامراز و شێکردنەوەکانی خۆی دەخاتە لایەنی مەیدانییەوە، ئەمەش بە ئامانجی دیاریکردنی چەند گرفتێکی گوتن لای تاکی کورد، ئەگەرچی ئیمە یازدە (١١) کەیسمان لە گرفتە جۆراوجۆرەکانی گوتن تایبەت بە درکاندنی دەنگەکانەوە لە ناوچەی (پشدەر) دەستنیشانکردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمانتوانی زانیاریی پێویست دەربارەیان کۆبکەینەوە، بە پاساوی ئەوەی:

١. بەشی زۆری بنەماڵە و ئەو کەسانەی گرفتیان لە درکاندنی دەنگیدا هەبوو ڕێگەیان بە ناوبردنی و تۆمارکردنی دەنگی نەدا.

٢. کەسی توشبوو لەگەڵ باوانی منداڵە توشبووەکان بارەکە وەک بابەتێکی کەسی سەیردەکەن، بۆیە پێیانوایە، کە نابێت کەس دەستی بۆ ببات، یا باسیبکات.

٣. دیاریکردنی کەسی توشبوو، وەک گێڕەرەوەیەکی زمانی و چەندبارەکردنەوەی دەربڕاوەکان کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەت بۆ منداڵان، چونکە ئەم ژینگەیە ڕووبەڕووی ترس و دڵەڕاوکێیان دەکاتەوە.

٤. ڕەخساندنی بارودۆخی لە دەوروبەر دابڕاو و ئاراستەکردنی پرسیاری کۆنترۆڵکار و تاقیکردنەوەکان لە یەکەم و دووەم بینیندا بە ئاسانی فەراهەم نابێت، تایبەت بۆ منداڵان.

پاڵپشت بەم پاساوانە ناچار نموونەکان بە نەناسراوی و ئاماژەبۆکراو هێنراونەتەوە و دەنگیان تۆمارنەکراوە، هەروەها تەنیا چوار (٤) دانە لەم کەیسانەش، وەکو نموونە و لایەنی جێبەجێکەرانەی توێژینەوەکە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی پێشووتر دەخەینەڕوو:

### ٢. ٣ . ١: کەیسی گرفتی چینی دەنگی

مامۆستا (....) مامۆستای زانکۆ، گرفتی چینی دەنگی هەیە، بە جۆرێک دەنگی مێینە و ناسکە، لە بری ئەوە نێرانە و گڕێکی ئاسایی هەبێت، لە چاوپێکەوتنمان لەگەڵیدا چەند پرسیارێکمان لێکرد، لەوانە:

✍ توێژەر: کەی هەستت بەم گرفتە لە خۆتدا کردووە؟
✎ مامۆستا: لە تەمەنی حەڤدە (١٧) و هەژدە (١٨) ساڵیدا.
✍ توێژەر: کەسێک هەیە لە ماڵباتی ئێوە هەمان گرفتی هەبێت؟
✎ مامۆستا: نەخێر.
✍ توێژەر: نیگەرانیت بەو چینە دەنگە دیاریکراوەی هەتە؟
✎ مامۆستا: بەڵێ.
✍ توێژەر: هیچ کاتێک ئەم بارە بۆ تۆ بووە بە جێگەی سەرەنجی خەڵک و کاریگەریی لەسەرت هەبووبێت؟
✎ مامۆستا: بەڵێ، ڕۆژێک لە نهۆمی دووەمی کۆلێژ دەهاتمە خوارەوە، گوێم لێبوو خوێندکارێک بە هاوڕێیەکەی دەگوت: وانەی مامۆستا دەنگ ژنانییەکەمان هەبوو، لەم کاتەدا زۆر خەمم خوارد، بە جۆرێک هەستم بە جیاوازی و کەمی دەکرد.
✍ توێژەر: خێزانەکەت هەوڵیانەداوە چارەسەری پێویستت بۆ بکەن؟
✎ مامۆستا: تەنیا جارێک باوکم لە پزیشکێکی خزممانی پرسیوە، ئایا دەتوانین چارەسەری ئەم کوڕەمان بکەین یا ئەو کوڕەمان بۆ ئاوایە؟ ئەویش لە وەڵامدا پێیگوتووە: وازی لێبهێنە و مەیکە بە گرفت، خۆی چاکدەبێت، لەگەڵ گەورەبوونیدا.
✍ توێژەر: خۆت لە دواتر هەوڵی دۆزینەوەی هۆکاری گرفت و چارەسەریت نەداوە؟
✎ مامۆستا: بەڵێ، سەردانی چەند پزیشکێکی پسپۆڕم کردووە، دەڵێن: گرفت لە ژێیە دەنگییەکاندا هەیە، و بە نەشتەرگەری چارەسەردەکرێت.
✍ توێژەر: ئەی بۆ چارەسەرت نەکردووە؟
✎ مامۆستا: زۆرێک لە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانم دەڵێن: تازە تۆ ئاوا ناسراویت، پێویست بە گۆڕان ناکات، بۆیە دەترسم بە چارەسەرکردنیشی ببمە جێگەی سەرەنج!

### لە کەیسی ئەم مامۆستایەوە گەیشتینە ئەوەی:

١. گرفتەکە لە جۆری چینی دەنگییە، چونکە لە دوای تەمەنی پێگەیشتن/ باڵغبوونەوە هەستپێکردووە، هەروەها بەردەوامیشە.

٢. هۆکاری سەرەکیی گرفتەکە بۆماوەیی نییە، بەڵکو جەستەیی و ئەندامییە، بە بەڵگەی گوتەی پزیشکەکان بۆ خودی مامۆستا.

٣. ئەم بارە، لێکەوتە و کاردانەوەی نەرێنی لەسەر هەبووە، بە ڕادەیەک بووە بە جێگەی سەرەنج و توانجی کەسانی دیکەش.

### ٢. ٣ . ٢: کەیسی گرفتی وەستان

(سارا)، دانیشتووی یەکێک لە گوندەکانی بناری (قەندیل)ـەـ، و قوتابیی پۆلی چوارەمی بنەڕەتییە لە تەمەنی هەشت (٨) ساڵیدا توشی گرفتی وەستان لە قسەکردندا بووە، واتە تێکچوونی ڕەوانی لە سروشتیی گوتن و قسەکردنیدا هەیە، ئەم بارەش بەوە ناسراوە و جیادەکرێتەوە، کە تاکی دووچارهاتوو دووبارەکردنەوە، درێژکردنەوە و دوودڵی وەستان لە گوتنەکانیدا هەیە.، ئەمەش قورساییەک لەسەر زمان و قسەکردن و ڕاڕایی لە قسەکردنیدا دروستدەکات، یان قسەکانی تێکەڵا و پێکەڵاو دەکات (سلیم: 2011: 104).

(سارا) سێ برا و چوار خوشکی هەیە، لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ خێزانەکەیدا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەکردن، لەوانە:

✍ توێژەر: بەر لە  توشبوونی (سارا) بەم گرفتە چی ڕوویدا؟

✎ ماڵباتی سـارا: بەر لەوەی گوندەکەمان تۆپباران بکرێت (سـارا) هیچ گرفتێکی نەبوو، بەڵام کاتێک خاڵی مرد توشی ئەم گرفتە بوو.

✍ توێژەر: چۆن؟ چی ڕوویدا؟

✎ ماڵباتی سارا: کاتێک گوندەکەمان تۆببارانکرا و خاڵی شەهیدبوو، سارا خەوتبوو. تەمەنیشی ئەو کاتە هەشت ساڵبوو، کاتێک لاشـەی خاڵ و خاڵۆزاکەیان هێنایە ماڵی ئێمە، خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە و دەگریان، لەم کاتەدا سارا لە خەوهەڵستا، کە ئەم دیمەنانەی بینی [خەڵکێکی زۆر، سوتانی ماڵێک و لاشـەی خاڵ و خاڵۆزا]، نەیتوانی قسەبکات، دواتریش کە قسەیدەکرد، هەستمان دەکرد لە قسەکردندا دەوەستێت، و وەک جاران نەماوە.

✍ توێژەر: چیتان کرد، کاتێک هەستتان کرد سارا دووچاری ئەم گرفتە هاتووە؟

✎ ماڵباتی سارا:  بردمانە لای دکتۆر.

✍ توێژەر:  دکتۆر چی گوت؟

✎ ماڵباتی سارا: دکتۆر گوتی: ترساوە، هیچ چارەسەرییەکی نییە، لەگەڵ گەورەبوونی چاکدەبێتەوە.

✍ توێژەر: هیچ کام لە خوشک و براکانی سارا، یاخود لە ماڵباتەکەتاندا ئەم گرفتەی هەیە؟

✎ ماڵباتی سـارا: نەخێر، هیچ کام لە خوشـک و برایەکانی گرفتیان نییە، تەنیا مامێکی نەبێت، کە ئەویش لە قسەکردندا دەوەستێت.

✍ توێژەر: ئێوە بەم گرفتەی کچەکەتان دڵتەنگن؟

✎ ماڵباتی سارا: بەڵێ، چونکە گاڵتەی پێدەکەن.

✍ توێژەر: ئەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەیدا دەکەن؟

✎ ماڵباتی سـارا: زۆر ئاگاداری دەبین، تەنانەت لە سـەردانی و بۆنەکاندا لای خۆمانەوە دایدەنیشـێین، هەروەها ناهێڵین زۆریش بچێتە دەرەوە و تێکەڵ بە هاوڕێ و هاوسێیەکان بێت.

✍ توێژەر: ئامۆژگاری ناکەن، کە بە چ شێوازێک قسەبکات؟

✎ ماڵباتی سارا: بەڵێ، بەردەوام ڕێنماییدەکەین، کە لەسەرخۆ قسەبکات.

✍ توێژەر: هەڵوەستەی خوشک و برایەکانی چۆنە لە بەرانبەر قسەکردنیدا؟

✎ ماڵباتی سارا: هەندێکجار خوشک و برایەکانی بەسەریدا هاواردەکەن و پێیدەڵێن: بە باشی قسەبکە.

لە کاتی چاوپێکەوتنیشـمان لەگەڵ (سـارا)دا لە پێناو پتر ئەزمونبەندکردنی تاقیکردنەوەکە چەند پرسـیارێکمان ئاڕاستەکرد، لەوانە:

✍ توێژەر: کێ زۆر هاوڕێتە لە قوتابخانە؟

✎ سارا: تەنیا فاطمە و شێنێ زۆر برادەرمن.

✍ توێژەر: بۆچی لەگەڵ قوتابییەکانی دیکەدا هاوڕێ نیت؟

✎ سارا: زۆربەیان گاڵتەم پێدەکەن، و زۆریش ڕقم لە (ئیمان)ـە، چونکە پێمدەڵێت: [پەپەپە].

✍ توێژەر: کامە مامۆستایەت زۆر خۆشدەوێت؟

✎ سـارا: هەموو مامۆسـتایەکانم خۆشـدەوێت، تەنیا مامۆسـتا (....) نەبێت، چونکە هەمووجار پێمدەڵێت: [پتە پت مەکە و کاتەکەم لێ بەفیرۆمەدە].

✎ توێژەر:  ئەگەر باوکت تەلەفۆن بۆ دایکت بکات، بەڵام دایکت دەستیگیرابوو، کێ تەلەفۆنەکە وەڵامدەداتەوە؟

✍ سارا:  برا و خوشکەکانم.

✎ توێژەر:  ئەی تۆ وەڵامی تەلەفۆن نادەیتەوە؟

✍ سارا:  با، هەندێکجار من تەلەفۆنەکە هەڵدەگرم، بەڵام ڕاستەوخۆ باوکم دەڵێت: تەلەفۆنەکە بدە: یەکێکی دیکە، تۆ نازانیت قسەبکەیت، من پەلەمە.

**لە کەیسەکەی (سارا)شەوە گەیشتنە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:**

**١.** گرفتەکەی (سارا)، کە لە تەمەنی هەشت (٨) ساڵییەوە سەریهەڵداوە لە جۆری وەستانە، هەروەها بەردەوامە لەگەڵیدا، ئەم گرفتەش بە گشتی بەوە دەناسرێتەوە کەسی دووچارهاتوو بێدەنگدەبێت لە نێوان یەکە دەنگییەکانی ئەو دەربڕاوەی دەیەوێت دەریببڕێت، هەروەها دڵەڕاوکێیەکی زۆری لەگەڵدایە (Gregory, 2003: 2).

**٢.** ڕێگرییەکانیماڵباتی سارا لە تێکەڵاوبوونی کچەکەیان فاکتەرێکە بۆ زیادبوونی گرفتەکە، ئەم خوەی ماڵباتی ساراش دەرئەنجامی ئەو ترسەیە، کە نەوەک لە کاتی قسەکردندا بوەستێت، و ببێتە جێگەی گاڵتەپێکردنی دەوروبەرەکەی.

**٣.** هۆکاری سەرەکیی گرفتەکەی سارا بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێتەوە، بۆماوەییە، بە بەڵگەی ئەوەی مامێکی هەمان گرفتی هەبووە، لە لایەکی دیکەشەوە سارا توشی ڕووداوێکی نەخوازراو بووەتەوە، کە دەکرێت گرفتەکەی پێوەببەسترێتەوە.

**٤.** ژینگەی خێزانی بە تایبەت هاوارکردنی خوشک و برایەکانی بەسەریدا و دوورەپەرێزگرتنی لە لایەن کەسوکارەکەیەوە، لەگەڵ خراپ مامەڵەکردنی باوکی لەگەڵیدا فاکتەرێکی سەرەکین لە گەشەکردنی گرفتەکەیدا.

**٥.** بارودۆخ و ژینگەی قوتابخانەکەشی ڕۆڵێکی باڵا لە مانەوە و فرەوانبوونی گرفتەکەیدا دەگێڕن، هەرچەند سارا خۆی لە وەڵامی پرسیارەکاندا گوتی: بەشێک لە هاوڕێیەکانی گاڵتەی پێدەکەن، بەڵام ئەوە بە ئەندازەی کاریگەرییەکانی مامۆستایەکانی گرنگ نییە، بۆیە ئەوەی لە هەمووان گرنگترە ڕۆڵ و کاریگەریی مامۆستاکانیەتی لە گەشەکردنی گرفتەکە، کە بە چەند شێوەیەک خۆیاندەنوێنن، لەوانە **(أ)**بە جۆرێک (سارا) خۆی باسی لەوەکرد، کاتێک مامۆستایەکانی هەڵیدەستێنن، ناهێڵن بابەتەکەی تەواوبکات، بە خێرایی دایدەنیشێننەوە و پێدەڵێن: بابەتەکەی باشتر بخوێنێت، ئەمە لە کاتێکدا بابەتەکە زۆر بە باشی دەزانێت. **(ب)** هەروەها بەشێک لە مامۆستایەکانی لەبەر ئەوەی دەزانن، کە سارا ئەم گرفتەی هەیە، ئەوا لە ڕۆژانە و نێو پۆلدا بەشداریپێناکەن، لە ترسی ئەوەی هاوڕێیەکانی گاڵتەی پێبکەن.

### ٢ . ٣ . ٣: کەیسی گرفتی درێژکردنەوە

(کارزان) قوتابییە لە پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە تەمەنی حەوت (٧) ساڵیدا توشی گرفتی دووبارەکردنەوە بووە، کە بەوە دەناسرێتەوە و جیادەکرێتەوە، کە نەگونجاوی لە ماوەی گوتنی وشەکان لە کاتی درکاندنی دەنگەکانیدا هەیە (Gregory, 2003: 2)، لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ باوکی (کارزان)دا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەکرد:

✍ توێژەر: چەند دەبێت (کارزان) توشی ئەم گرفتە بووە؟

✐ باوکی کارزان: (٨، ٩ ـ ١٠) مانگێک دەبێت

✍ توێژەر: پێشتر هیچ گرفتێک لە گوتن و دەربڕینەکانیدا هەبوو؟

✐ باوکی کارزان: نەخێر، پێشتر هیچ گرفتێکی نەبوو، بەڵکو وەک ئێمە قسەیدەکرد.

✍ توێژەر: پێش ئەوەی (کارزان) توشی ئەم گرفتە بێتەوە هیچ ڕووداوێک لە دەوروبەریدا ڕوووینەداوە، یا ڕووبەڕووی بارێکی ترسێنەر نەبووەتەوە؟

✐ باوکی کارزان: نەخێر، هیچ شتێک ڕوووینەداوە.

✍ توێژەر: جگە لە (کارزان) هیچ کام لە خوشک و برایەکانی توشی ئەم گرفتەبوون؟

✐ باوکی کارزان: خوشکێکی، کە لە (کارزان) گەورەترە، هەر لەم تەمەنەی کارزاندا توشی هەمان گرفتبووە و بۆ خۆی چاکبووە.

✍ توێژەر: هیچ کەسێک لە ماڵبات و کەسە نزیکەکەتان گرفتی گوتن و دەربڕینی هەیە؟

✐ باوکی کارزان: نەخێر.

✍ توێژەر: هەڵوەستەی خوشک و برایەکانی چۆنە لە بەرانبەر بوونی ئەم گرفتەی برایەکەیان؟

✐ باوکی کارزان: بەردەوام لەگەڵ دایکیان ئاگاداریان دەکەینەوە، کە نابێت هیچ کاردانەوەیەک بنوێنن.

✍ توێژەر: ئەی خۆتان بەم گرفتەکەی کوڕەکەتان نیگەران نین؟

✐ باوکی کارزان: بێگومان نیگەرانم، چونکە دەترسم بۆی بمێنێتەوە و ببێتە مایەی سەرهێشە و گاڵتەپێکردن بۆ کوڕەکەم.

✍ توێژەر: ئەی هەوڵتانندەداوە چارەسەری گرفتی کوڕەکەتان بکەن؟

✐ باوکی کارزان: نەخێر، لە ئێستادا تەنیا فریای بەخێوکردن و خەرجی خوێندنی منداڵەکانم دەکەوم.

✍ توێژەر: خۆتان هەوڵتان نەداوە بە ئامۆژگاریکردن چارەسەری گرفتەکەی بکەن؟

✐ باوکی کارزان: من زۆرجار ئامۆژگاریدەکەم، کە بە ئارامی قسەبکات، چونکە کاتێک هێواش قسەدەکات، ئەوا هیچ کەموکوڕییەک لە دەربڕینەکانیدا بەدیناکرێت.

✍ توێژەر: پێتانوایە (کارزان) کاتێک لەگەڵ کێدا دەدوێت زۆرتر توشی ئەم گرفتە دەبێتەوە؟

✐ باوکی کارزان: کاتێک لەگەڵ کەسانی لەخۆی گەورەتر یا دەرەوەی خێزاندا دەدوێت گرفتەکە زەقتردەبێتەوە، وەک لەو کاتەی لەگەڵ خوشک و برایەکانی یا دایکیدا دەدوێت.

✍ توێژەر: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تێکەڵاوبوونتان لەگەڵ دەوروبەردا لە چ ئاستێکدایە؟

✐ باوکی کارزان: تەنیا لە بۆنە و کاتە پیویستییەکاندا سەردان و هاتوچۆ لە نێوانماندا هەیە، بە هۆی کارەکەمەوە دەرفەتی ئەوەم کەمتر بۆ دەڕەخسێت.

کاتێکیش لەگەڵ (کارزان)دا دانیشتین، چەند پرسیارێکمان لێکرد، لەوانە:

✍ توێژەر: ئێوە لە ماڵەوە چەند کەسن، چەند خوشک و برات هەیە؟

✐ کارزان: ئێمە لە ماڵەوە شەش (٦) کەسین، جگە لە دایک و باوکم دوو (٢) خوشک و برایەکم هەیە، منیش کوڕی گەورەی ماڵەوەم.

✍ توێژەر: دایک و باوکت چ ئیشێک دەکەن؟

✐ کارزان: دایکم ژنی ماڵەوەیە، باوکیشم دووکاندارە.

✍ توێژەر: مامۆستایەکانت خۆشدەوێت؟

✐ کارزان: بەڵێ، هەر هەموویانم خۆشدەوێت.

✍ توێژەر: لەگەڵ هاوپۆل و هاوسێیەکانت یاریدەکەیت؟

✐ کارزان: بەڵێ، هەمووجارێک بە یەکەوە یاریدەکەین.

✍ توێژەر: هیچ کام لە هاوپۆل و هاوڕێیەکانت گاڵتە بە قسەکردنت ناکەن؟

✐ کارزان: نەخێر، هیچم پێناڵێن، زۆریش خۆشیاندەوێم.

✍ توێژەر: مامۆستاکانت زوو زوو لە وانەکاندا بەشداریتپێدەکەن؟

✐ کارزان: بەڵێ، زۆر هەڵمدەستێنن.

**لەم کەیسەی (کارزان)یشەوە گەیشتینە ئەوەی:**

**١.** فاکتەری سەرەکی لە گرفتەکەی (کارزان)دا بۆماوەیی نییە، چونکە توشی هیچ ڕووداو و بارێکی نەخوازراو نەبووەتەوە، بەڵکو دەشێت فاکتەرەکەی ژینگەیی و کۆمەڵایەتیی بێت، ئەویش پەیوەندیدار بەو ژینگە دیاریکراوەی تێیدا دەژییێت.

**٢.** بە جیاواز لە کەیسەکەی پێشەوە، (کارزان) هەست بەوە ناکات، کە گرفتێکی هەیە لە کاتی دواندا و ناوی درێژکردنەوەیە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ پاڵنەرە ژینگەییەکان لە قوتابخانە و خێزانەکەیدا دەگەڕێتەوە، کە وەک کەسێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

**٣.** گرفتەکەی (کارزان)، بە جۆرێک لە زمانگرتنی میانڕۆ هەژماردەکرێت، هەروەک زانراویشە ئەم گرفتە دووچاری منداڵانی تەمەن (٧ ــــ ٨) ساڵ دەبێتەوە، و بۆ ماوەی (٢ ــــ ٣) ساڵێک لایان دەمێنێتەوە، دواتر

خۆڕسکانە نامێنێت ـــــ وەک گرفتی خوشکەکەی ـــــ تەنانەت چاکبوونەوەکەشی بە جۆرێکە، کە منداڵەکە هیچ نیشانە و دەرکەوتەیەکی گرفتەکەی بەسەرەوە نامێنێت (محەمەد، ٢٠٠٨: ٨٧).

٤. ڕەنگە باشـــترین پلانێک لە چارەســـەرکردنی گرفتەی (کارزان)دا بریتی بێت لە ئاگادارکردنەوەی ماڵباتەکەی تایبەت باوکی، کە واز لە ئامۆژگاریکردنی کوڕەکەی بهێنێت، ئەگەرنا لەوانەیە گرفتەکەی لە میانڕۆیەوە بۆ ببێتە گرفتێکی هەمیشەیی و بەردەوام.

## ٢. ٣ . ٤: کەیسی گرفتی دەنگ گۆڕینەوە

(بێوار)، قوتابی قۆناغی باخچەی منداڵانە، لە تەمەنی (٢,٥ ــ ٣) ساڵاندا تووشی گرفتی دەنگگۆڕینەوە بووە، ئەم گرفتەش، وەک لە پێشووتردا ئاماژەی بۆ کراوە بەوە دەناسرێتەوە، کە گۆڕینی دەنگە لە نێو پێکهاتەی وشەیەکدا لە کاتی درکاندنیدا، بە جۆرێک خاوەن گرفت دەنگێک بە دەنگێکی دیکە دەگۆڕێتەوە، شـــارەزایان و توێژەرانی بوارەکەش جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بەربڵاوترین گرفتە لای منداڵان، بە تایبەت لە ســـەرەتاکانی تەمەنیاندا (النواسیة و القطاونه، ٢٠١٠: ٦٩).

لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ دایکی (بێوار)دا چەندین پرسیارمان لێکرد، لەوانە:

✍ توێژەر: کەی هەستتان بەوە کرد، کە کوڕەکەتان (بێوار) ئەم گرفتەی هەیە؟

✐ دایکی بێوار: کاتێک تەمەنی گەیشتە (٢,٥ ـ ٣) ساڵ هەستمان بەم گرفتە لە کوڕەکەماندا کرد.

✍ توێژەر: کاتێک هەستتان بەم گرفتە لە ڕۆڵەکەتاندا کرد، پەناتان بۆچی برد؟

✐ دایکی بێوار: ڕاستەوخۆ بردمانە لای پزیشک.

✍ توێژەر: پزیشک چی پێگوتن؟

✐ دایکی بێوار: پزیشـــک ، گوتی: لەوانەیە ترســـابێت، یانیش بەهۆی دابڕان لە دەوروبەر و بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکانەوە بێت.

✍ توێژەر: قسەکانی پزیشکەکە باوەڕپێهێنەربوون بۆ ئێوە؟

✐ دایکی بێوار: بە خوا زۆرنا، بۆیە ڕاســـتەوخۆ بردمانە لای پزیشـــکێکی دیکە، کە ئەمیان گوتی: ددانەکانی کەمێک نارێکن، بە کەوتنی ددانی شیری گرفتەکە چارەسەردەبێت.

✍ توێژەر: ئەی جگە لە پزیشک، لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەرکردن پەناتان بۆ هیچ کەسێکی دیکەی نەبردووە؟

✐ دایکی بێوار: بە دڵنیـایی، بردوومـانەتە لای ڕێنمـاییکـاری دەروونیش، کە لە ڕێگەی ڕاهێنـانەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات.

✍ توێژەر: کەسێکی نزیکی بێوار هەیە، کە گرفتی گوتنی هەبێت؟

✐ دایکی بێوار: بەڵێ، (بێوار) خاڵێکی هەیە، کە لەو تەمەنەی ئێســـتای بێواردا توشـــی هەمان گرفتبوو، بەڵام بۆ خۆی چاکبووەوە.

✍ توێژەر: کاتێک بێوار دووچاری گرفتەکە دەبێتەوە، هەوڵنادەن بە هاوکاریکردن و ئامۆژگاری؟

✐ دایکی بێوار: بێگومان، بەردەوام ئامۆژگاری دەکەم کە بە هێواشـــی قســـەبکات، هەروەها ئەو وشـــانەشـــی پێ دووبارەدەکەمەوە، کە دەنگ گۆڕینەوەیان تێدا دەکات.

✍ توێژەر: لە ماڵەوەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ (بێوار)دا دەکەن؟

✐ دایکی بێوار: زۆر چاودێری دەکەین، لە ســـەرەتادا ڕێگەمانەدەدا بە تەنیا بچێتە دەرەوە و یاریش لەگەڵ منداڵاندا بکات.

✍ توێژەر: ئەی لەگەڵ کێدا دەچوو؟

✐ دایکی بێوار: لەگەڵ (بارام)ی برایدا، کە ساڵێک لە خۆی گەورەترە، لە ماڵەوە و دەرەوە بەردەوام لەگەڵیدابوو، ڕێگەینەدەدا (بێوار) قسەبکات، بەڵکو بەخێرایی بۆ خۆی وەڵامیدەدایەوە.

✍ توێژەر: ئەی لە ئێستادا ڕێگەی دەدەن، کە تێکەڵ بێت؟

✐ دایکی بێوار: بەڵێ، لەسەر پێشنیاز و ڕێنمایی بەڕێوەبەری باخچەکەی و ڕێنماییکاری دەروونی ئەم کارەمان کردووە، و سوود و کاردانەوەی باشیشی هەبووە.

✍ توێژەر: ڕۆڵەکەتان ڕووبەڕووی گاڵتەپێکردن بووەتەوە؟

✐ دایکی بێوار: بەڵێ، ئەوە کۆمەڵی کوردەواری و دونیای منداڵانە، بۆیە دڵنیاین گاڵتەی پێدەکرێت.

لە پێناو تێگەیشتن و ئاشنابوونی زیاتر بە گرفتەکەی لە شێوەی تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی بە بەکارهێنانی کارتی فێرکاری (فلاش کارت) چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی (بێوار) کرد، کە بریتی بوون لە:

✍توێژەر: ئەمە چ میوەیەکە؟

✐ بێوار: کەیشی ← قەیسی

✍ توێژەر: ئەمڕۆ چیتان خوارد.

✐ بێوار: بنجی شوور ← برنجی سوور

✍ توێژەر: ئەی چ خواردنێکت پێخۆشە؟

✐ بێوار: تەباب ← کەباب

هەروەها چاومان بە بەڕێوەبەری باخچەکەشی کەوت، و لێمان پرسی:

✍ توێژەر: جگە لە (بێوار) منداڵی دیکە لە باخچەکەتان هەیە، کە گرفتی گوتنی هەبێت؟

✐ بەڕێوەبەر: لە ئەمساڵدا نیمانە، بەڵام ساڵانی پێشووتر هەبووە.

✍ توێژەر: واتە ئەوانەی گرفتیان هەیە لەگەڵ ئاساییەکاندا پێکەوە لە یەک ژووروودا دادەنێن؟

✐ بەڕێوەبەر: بەڵێ، چونکە ژمارەیان کەمە، هەروەها باخچەکەشمان خوێندنی تایبەتیی نییە.

✍ توێژەر: پێتانوانییە، ئەم پێکەوە دانانە گرفت بێت و لێکەوتەی نەرێنی لێبکەوێتەوە؟

✐ بەڕێوەبەر: بێگومان گرفتە، بەڕێوەبردنیشی ئاسان نییە، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی لە شارۆچکەیەکی بچووکین، و خوێندنی تایبەت نییە، بۆیەوەک هاوکارییەک بۆ خێزانەکانیان ئەم کارە دەکەین، هەروەها هەوڵمانداوە، کە هیچ جۆرە جیاکارییەک نەکرێت.

✍ توێژەر: ئەی ئەوەندەی بەڕێزتان سەرەنجتاندابێت هیچ گرفتێک بۆ (بێوار) دروستنەبووە، کە بووبێتە مایە گاڵتەپێکردنی؟

✐ بەڕێوەبەر: بە هیچ شێوەیەک، چونکە مامۆستا و دادەکانی زۆر خۆشیاندەوێت، خێزانەکەشی پاڵپشت و هاریکارێکی بەردەوامن.

✍ توێژەر: هەڵسوکەوتنی (بێوار) چۆنە؟

✐ بەڕێوەبەر: لە سەرەتادا دوورەپەرێزبوو، تەنیا لەگەڵ (بارام)ی برایدا بوو، بەڵام دواتر لە پێناو تێکەڵبوون و پشتبەستن بە خۆی، بە ڕەزامەندیی خێزانەکەی لە یەکترمان دابڕین، بۆیە لە ئێستادا زۆرتر تێکەڵ بە هاوڕێیەکانی بووە.

**لە دوای چاوپێکەوتن و بە دواداچوونەکان بۆ گرفتەکەی (بێوار)یش گەیشتنیە ئەم دەرئەنجامانە:**

**١.** هۆکاری گرفتەکەی بێوار جۆرێک لە بۆماوەیی پێوەدیارە، بە بەڵگەی ئەوەی خاڵێکی هەمان گرفتی هەبووە.

**٢.** براکەی (بێوار)، کە لەسەرەتادا لەماڵەوە و باخچەشدا لەگەڵیبووە، هەروەها ڕێگە لێگرتنی سەرەتای خانەوادەکەی بۆ تێکەڵبوون بە ژینگە و دەوروبەر، وایانکردووە، کە (بێوار) ڕۆڵی تەماشاکەر ببینێت، بۆیە کاری بەڕێوەبەری باخچەکە پاڵپشتی و کاریگەرییەکی ئەرێنی بۆ بێوار دروستکردووە.

**٣.** لە خەمبوونی خێزانەکەی و هاریکاری و ڕاهێنانەکانی دایکی و ڕێنماییکەرەکەش، بە دڵنیایی پاڵپشت و فاکتەرێکی دیکە دەبن لە چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی گرفتەکە و لێکەوتەکانی.

٤. لە خستنەڕووی کەیسەکەیدا ئاماژەی بۆ کرا، کە گرفتەکەی (بێوار) کاتییە، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەمێنێتەوە، دواتر دۆخی قسەکردنی ئاسایی دەبێتەوە، بۆیە دەشێت باشترین پلان لە چارەسەرکردنی گرفتەکەی ئەوەیە، کە ماڵباتەکەی چی دیکە تێکەڵ بە گرفتەکەی نەبن، و ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەگەرنا لەوانەیە گرفتەکە درێژببێتەوە و بمێنێتەوە لەگەڵیدا.

## ٢ . ٤: بنەما و ڕێگەچارەری گرفتی درکاندنی دەنگەکان

بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفت و کەموکوڕییەک، کە لە کاتی درکاندنی دەنگەکاندا دێتەئاراوە، دەبێت لە سەرەتادا فاکتەر و لەمپەرەکەی دیاریبکرێت، پاشان لەم سۆنگەیەوە پێشنیاز و ڕێگەچارەی گونجاو بخرێتەڕوو، بێگومان ئەم کارەش پێویستی بە بنەما دەبێت، بۆیە لێرەدا سەرەتا ئاماژە بە گرنگترین و بنەما و ئامۆژگارییەکان دەدرێت، دواتر ڕێگەچارەکان دەخرێنەڕوو:

### ٢ . ٤ . ١: بنەما و ئامۆژگاریەکانی چارەسەرکردنی گرفتەکانی درکاندن

چارەسەرکردن بە مەبەستی بنبڕکردن یا کەمکردنەوەی گرفتەکانی درکاندن کارێکی لەخۆوە و هەڕەمەکییانە نییە، بەڵکو پێویستی بە شارەزایی و بنەمای ورد هەیە، بۆیە پێش باسکردن لە ڕێگەچارەکان ئاماژە بە چەند بنەما و ئامۆژگارییەک دەدرێت، کە پێویستە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی درکاندندا ڕەچاوبکرێن، بەم شێوەیە:

**گرنگترین ئەو بنەمایانەی پێویستە لەبەرچاوبگیرێن، خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە:**

١. پێویستە دەستبەجێ یا لە کاتی هەستکردن بە گرفتەکە هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، ئەوەش لە پێناوی کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی، هەروەها لە سەرەتادا چارەسەرکردن ئاسانترە و تێچووشی کەمترە.

٢. دروستکردنی باری ئاسایی و ژینگەی گونجاو بۆ کەسەکە، چونکە چەندە ئارامتربێت، ئەوا بە بێگومانی باشتر و زووتر چارەسەری وەردەگرێت.

٣. تێگەیاندنی تاکی توشبوو بە گرفتەکە، لە بارەکە و لێکەوتە، هەروەها ڕوونکردنەوەی ڕێگەچارەکانی.

٤. هاریکاری خێزانی بۆ کەسەکە لە پێناو زوو چاکبوونەوەی زۆر گرنگە، ئەمەش لە ڕێگەی تێکەڵاوبوون و ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە باشتر دەکرێت.

٥. هاندان و زیادکردنی ئومێدی چاکبوونەوە، بە دڵنیاییەوە لە لایەنی دەروونییەوە کاریگەریی خۆی دەبێت.

٦. چارەسەرکردنەکان ئیشی کەسانی پسپۆرە، هەروەها پێویستی بە پشکنین و تاقیکردنەوە و دیاریکردنی تایبەت بۆ گرفتەکە دەبێت.

**هەروەها چەند ڕێنماییەک هەیە، کە پێویستە لەبەرچاوبگیرێن، ئەوانیش:**

١. گرنگیدان بە خواردن و چاودێریی پزیشکی.

٢. هەوڵدان بۆ ئەزبەرکردنی سورەتە کورتەکانی قورئانی پیرۆز و شیعر و بابەتی دیکە.

٣. نێوانگیری لە نێوان نازپێدان و توندوتیژیدا.

٤. بواردان بە تاک بۆ تەواوکردنی پەیامەکەی، واتە ئەوەی دەیەوێت بە ئارەزووی خۆی دەیبڕێت.

٥. دوورکەوتنەوە لە گاڵتەپێکردن و توانجلێدان.

٦. ئازادیدان بە تایبەت بە منداڵ بۆ تێکەڵاوبوونی لەگەڵ منداڵانی دیکە و یاریکردن لەگەڵیاندا.

(دزەیی، ٢٠١٤: ١٢٥ ـ ١٢٦)

### ٢ . ٤ . ٢: گرنگترین ڕێگەچارەکانی گرفتەکانی درکاندن

دوای خستنەڕووی بنەما و ئامۆژگاریی پێویست بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی گوتن، لێرەوە ئاماژە بە گرنگترین ڕێگەچارەکان دەدرێت:

#### ٢ . ٤ . ٢ . ١: ڕێگەچارەی کلینیکی

ئەم کارە لە لایەن پزیشـــک و پســـپۆڕی تایبەتمەندەوە دەکرێت، کە پتر جەختکردنەوەیە لەســـەر نەخۆشـــییە ئەندامییەکان بە تایبەتی لایەنی جەســـتەیی و پێکهاتەیی لە کۆئەندامی دەمار و بیســـتن و قســـەکردن، کە چارەســـەرکردنیان لە ڕێگەی دەرمان و چارەســـەری پزیشـکییەوە، یاخود ئەنجامدانی نەشـتەرگەرییەوەیە، بەڵام دەبێت ئەوەمان بیربێت، ئەمە تەنیا بۆ هەندێک لە گرفتەکان دەکرێت، بە نموونە "زۆربەی پســـپۆڕانی ئۆتیزم و سەرچاوەکان پێیانوایە تا ئێستا هیچ چارەسەرێکی تەواو بۆ ئۆتیزم نەدۆزراوەتەوە" (حەمەد، ٢٠١٥: ١٨٨)، یا زۆرجار چارەسەرکردنەکان بۆ باشتربوونی پەیوەندییە زمانییەکانە، نەک بە تەواوەتی چاکبوونەوە.

### ٢ . ٤ . ٢ . ٢: ڕێگەچارەی زمانی یا قسەکردن

ئەم ڕێگەچارە زۆرتر خۆی لە ڕاهێنان و مەشـــقپێکردنی تاکەکە، بە کردنەوەی دەم و جوڵاندنی ئەندامەکانی دیکەی درکـانـدنی دەنگەکـانەوە دەبینێتەوە، لەگەڵ بەکـارهێنـانی تۆمـارکراوە دەنگییەکـان، بەو واتـایەی "بۆ چارەســـەرکردنی گرفت و نەخۆشـــییەکانی ئەندامی زمان، ئەگەر وەرەم، یا هەر گرێیەک هەبێت، ئەوا لە ڕێگەی پزیشکی و نەشتەرگەرییەوە چارەسەردەکرێت، بەڵام کورت و درێژیی زمان و بەستەرە شانە ماسولکەییەکان لە ڕێگەی ڕاهێنانی زمانەوانییەوە چارەســـەردەکرێت، بە هۆی کۆمەڵێک ڕاهێنانەوە" (حەمەد، ٢٠١٥: ٩٥)، کەواتە دەکرێت، بگوترێت: مەبەست لەم ڕێگەیە تایبەتە بۆ تێکچوونی درکاندنی دەنگەکان (Articulation disorder)، لەم پێناوەشـدا دەگونجێت پیادەبکرێت، ئەمەش خۆی لە چەند شـێوازێکی ڕاهێنانی دەربڕینەکان بە شـێوەیەکی ڕاسـت و تەندروسـت دەبینێتەوە، یان لە ڕێگەی پرۆگرامی (Lipreading)خوێندنەوە بە لێو (جرادات، ٢٠٠٩: ١٨٩)، هەروەها پێویســـتە، کە ئاماژە بەوە بدرێت زۆرجار ئەم ڕێگەچارەیە بە تەواوکەری ڕێگەچارەی دەروونی دادەنرێت، چونکە هەردوو لایەن پێویستە پێکەوە هاوبەشی لە چارەسەرکردنەکەدا بکەن.

### ٢ . ٤ . ٢ . ٣: ڕێگەچارەی دەروونی

ئامانج لێی چارەســـەرکردنی گرفتە دەروونییەکانە، کە دەبنە لەمپەر لە بەردەم تاک و کاریگەرییان بەســـەر دەربڕین و درکاندنی دەنگەکانەوە دەبێت، چونکە دروســـتیی مرۆڤ تەنیا پەیوەســـت نییە بە ئەندامەکانییەوە، بەڵکو لایەنی دەروونی و نێو ناخیشـــی دەگرێتەوە و گرنگی لە لایەنی ئەندامی کەمتر نییە، ئەگەر گرنگترنەبێت، بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە "ژینگەی دەروونی ڕەنگدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر ڕەوشتی خاوەنەکەی، مەبەســـتیش لە ژینگەی دەروونی ئەو بـارودۆخ و کەش و ئـاو و هەوا تـایبەتییەیە کە تـاک لە نـاو خێزان و کۆمەڵەکەیدا بەرەنگاری دەبێتەوە، ئینجا ئەگەر ژینگە دەروونییەکە ئاســـایی و پەروەردەیی و بێ گرێ و گرفت بێت ئەوا بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە لە هەڵس و کەوت و بیر و هەڵچوونی تاکدا ڕەنگ دەداتەوە.

بەڵام ئەگەر ژینگە دەروونییەکە پڕبوو لە گرفت و ئەندێشـــە و بێبەشـــبوون و جیاوازی و کۆســـپ، ئەوا بە شـــێوەیەکی خراپ لەســـەر کەســـایەتیی تاک دەکەوێتەوە و ژینگەیەکی دەروونی ئاڵۆزی بۆ دەخوڵقێنێت کە جیـاوازبێت لە تـاکێکی دیکە لە هەمـان ژینگە" (قەرەچەتانی، ٢٠١٥: ٥٢)، کەواتە بە بەکـارهێنـان و گونجـانی بـاری دەروونیی تاک دەتوانرێت کاریگەریی ئەرێنی لەســـەر گرفتەکانی درکاندن دروســـتبکرێت، ئەویش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و تەنگژەی دەروونییەوە.

### ٢ . ٤ . ٢ . ٤: ڕێگەچارەی ژینگە و کۆمەڵایەتی

ئازادیدان بە تاک، تایبەت منداڵ بۆ بەشـــداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و هونەری و وەرزشـــییەکاندا، هەروەها چوونەدەر و تێکەڵبوون بە خەڵک و منداڵانی دیکە، لە پێناو گەشـــەکردنی کەســـایەتی و پشـــت بە خۆبەستنی، بە هۆی ئەوەی "دابونەریت و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و ئەو بەها و ئاکارانەی کە باوەڕیان پێیەتی و جۆری ڕژێمی فەرمانڕەوایەتی ڕەنگدانەوە و کاریگەریی تایبەتی خۆیان لەسـەر ڕەوشـت و کەســـایەتی مرۆڤ هەیە" (ســـەرچاوەی پێشـــوو: ٤٧)، کەواتە دەکرێت بنەمای کۆمەڵایەتی بکرێتە فاکتەرێک بۆ بایەخپێدان و فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ تاکی خاوەن گرفت.

## ئەنجامەکان

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەدەستهاتوون، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو:**

**١.** هەموو زمانێک ئامراز و هۆکاری پەیوەندیکردنی نێوان قسەپێکەرانێتی، کە بە شێوە سروشتییەکەی دەناسرێتەوە، بەڵام هەندێکجار بە سروشتیی خۆی بەردەوامنابێت، بەڵکو جۆرێک لە گرفت و کەموکوڕی تێیدا ڕوودەدات، کە بە >>گرفتی گوتن<< ناسراوە، ئەمەش لە کۆمەڵی کوردەواریدا قبووڵنەکراوە، بۆیە بەردەوام وەکو کێشەیەکی گەورە لێیدەڕوانرێت، چونکە دەوروبەر بە گشتی بە گاڵتەجارییەوە دەڕواننە کەسانی دووچارهاتوو بەم گرفتە.

**٢.** ئاڵۆزی و فرەڕەهەندی ئەم بابەتە ــ گرفتی گوتن ــ وایکردووە، لە فرە زاراوەیی و بۆچوونی جۆراوجۆر بەدەرنەبێت، هەروەها گرفت یا کەموکورتییەکانی گوتن، تایبەت بە ئاست و بوارێکی زمانەوە دیارینەکراوە، بەڵا ئەم توێژینەوەیە خۆی بە گرفتی درکاندنی دەنگەکانەوە خەریککردووە، کە دەبێتە سەرەتا و دەستپێک بۆ زۆرێک لە گرفتی ئاستەکانی دیکە، ڕێگەچارەی گونجاویش، دەکەوێتە سەر فاکتەر و جۆری گرفت و لەمپەرەکە.

**٣.** هەرچەند تاکو ئێستا فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی گرفتی گوتن بە وردی دەستنیشاننەکراون، بەڵام دەرئەنجامی شیکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەکان لە لایەنە جیێبەجێکەرانەکەی ئەم توێژینەوەیە دەیسەلمێنێت، کە دەشێت گرفتەکە هەندێکجار تێکەڵییەک بێت لە فاکتەری بۆماوەیی و دەروونی بە تایبەتیش ترس، ئەمەش پشتبەست بەو ڕاستییەی بەشێک لەوانەی ئێمە دەستنیشانمانکردن،ماڵباتەکانیان مێژوویەکیان لەگەڵ گرفتەکەدا هەبوو، یاخود ڕووداوێک لە دەوروبەریاندا ڕوویدابوو.

**٤.** توێژینەوەکە وەک ئەنجامێکی ئەزموونبەند ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، کە کەسانی دووچارهاتوو بە گرفتی گوتن، تەنیا لەسەر ئاستی بەکارهێنانی زمان توشی قەیران نابنەوە، بەڵکو زۆرجار لەسەر ئاستەکانی (کۆمەڵایەتی و دەروونی)یش توشی کێشەدەبنەوە، هەروەها ناشارەزایی ماڵباتی تاکەکانیش لە گرفتەکان و چۆنیەتیی چارەسەرکردنیان جاریوایە، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش نەبێت، ئەوا ناڕاستەوخۆ لە گەشەکردنی گرفتەکاندا بەشدارن.

**٥.** لە دەرئەنجامی شیکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەکانەوە نیشانیدەدات کە ژینگە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان بەسەر گرفتەکاتەوە دەبێت، ئەم ڕۆڵەش بە شێوەی ڕێگەچارە و ئامۆژگاریکردن بێت بۆ نەهێشتن یا کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی گرفتەکە، یا بە شێوەی گاڵتەپێکردن و توانجلێدان، یاخود ڕێگەنەدان بە تاک بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ دەوروبەر، کە ئەمانە وادەکەن هەستبکات گرفتێکی لە دەربڕیندا هەیە.

**٦.** لە هیچ کام لە بارەکانی کەموکوڕی و بوونی گرفت لە گوتندا ناتوانرێت، بگوترێت: ئەم تایبەتمەندییە نەخوازراوە تا چ ڕادەیەک پەیوەستە بە فاکتەری ئەندامی و تا چ ڕادەیەک پەیوەستە بە خوی ئاخاوتن و دەوروبەر و فاکتەرە لاوەکییەکانی دیکەوە، ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە تەنیا شارەزا و پسپۆڕی چارەسەری دەروونی (psychotherapy)یە، هەروەها لە چارەسەرکردنیشدا ڕەچاوکردنی بنەما دیاریکراو و ئامۆژگارییەکانی پسپۆران کاریگەریی ئەرێنی خۆیان دەبێت.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی


– باتنی، محەمەد ڕەزا (٢٠١٥)، *دەربارەی زمان*، وەرگێڕانی: کەریم، ئاکۆ عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.

– حاجی مارف، ئەوڕەحمان (٢٠١٤)، *فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی*، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– حەمەد، یارا قادر (٢٠١٥)، *گیروگرفت و نەخۆشییەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان*، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی هوما بۆ تووشبووانی ئۆتیزمی کوردستان، زنجیرەی کتێب (٦)، هەولێر.

- خرما، نایف (٢٠١٣)، چەند تیشکێک بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، وەرگێڕانی: تەیب، شەهاب شێخ، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠١٦ ـ أ)، *زمانەوانیی کارەکی*، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠١٦ ـ ب)، *زمانەوانیی کارەکی*، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، *زمانەوانیی دەروونی*، چاپی یەکەم، (بێ چاپخانە)، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر ، محەمەد، دانا تەحسین و سالّح، دەروون عەبدولڕەحمان (٢٠١٣)، *فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی*، چاپی یەکەم، (بێ چاپخانە)، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارە (١٣١)، هەولێر.
- ڕەشید، سەلام ڕەحیم (٢٠١٩)، *نەخۆشییە زمانییەکان ـ ئاستی دەنگسازی بە نموونە*، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، vol. (6), No. (1)، سەرۆکایەتیی زانکۆی گەرمیان، کەلار.
- سەدیق، فاروق عومەر (٢٠١٣) جێپەنجەی فرێزی بەلێکسیکبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ـ بەشی (B)، ژمارە (٤٣)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- سەعید، یوسف شەریف (٢٠١١)، *زمانەوانی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، هەولێر.
- شطناوی، عبدالکردیم محمد (٢٠١١)، *گەشەکردنی زمانی منداڵ*، وەرگێڕانی: ئازاد ئەمین باخەوان و ناصح محمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نوسەرانی کورد، کەرکوک.
- عەبدولکەریم، بەهرە محەمەد (٢٠١٥)، *شرۆڤەی ئاریشە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا (دیسلکسیا لە فێربوونی زمانی دووەمدا وەک نموونە)*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٥)، *دەنگسازی ـ چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجیی کوردی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- فلیتشەر، پۆل (٢٠١٤)، *دارمانی زمان ـ نەخۆشییەکانی زمان و چارەسەرکردنی*، وەرگێڕانی: محەمەدئەمین، ئەمیر محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١٥)، *سایکۆلۆژیای گشتی*، چاپی چوارەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
- قەرەداخی، حەمە ڕەشید (٢٠١٢)، *فەرهەنگی ئازادی* (ئینگلیزی ـ کوردی)، چاپی سێیەم، چاپخانەی اسوە، دەزگای چاپ و نەشرگە احسان، (بێ شوێن).
- محەمەد، دانا تەحسین (٢٠٠٨)، *نەخۆشیی زمانگرتن لە نێوان منداڵانی کورددا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- مەحموود، ئاڤیستا کەمال (٢٠١٣)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مەحموود، ئاڤیستا کەمال (٢٠١٦)، گرفتی زمانیی ـ پەروەردەیی (دیسلکسیا وەک نموونە)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٣٨)، سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە، کۆیە.
- هەژار (١٣٦٩)، هەنبانەبۆرینە (فرهنگ کوردی ـ فارسی)، یک جلدی، چاپ اول، سروش، تهران.

**- دووەم: بە زمانی فارسی**

- پور، رضا نیلی (١٣٨٠)، زبان شناسی و اسیب شناسی زبان، چاپ اول، انتشارات هرمس، تهران.

### سێیەم: بە زمانی عەرەبی

- البناء، عبدالستار صالح أحمد (٢٠٠٧)، السمات الصوتية المميزة للانفعالات الانسانية في القران الكريم، أطروحة دكتوراه، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين، اربيل.
- انيس، ابراهيم (١٩٩٩)، الاصوات اللغوية، الطبعة الرابعة، مطبعة محمد عبدالكريم حسان، قاهرة ـ مصر.
- بشر، كمال (٢٠٠٠)، علم الاصوات، الطبعة الاولى، دار الغريب للطباعة والنشر والتوزيع، قاهره ـ مصر.
- الجبوري، محمد محمود (١٩٨٤)، المدخل في علم النفس، الطبعة الاولى، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.
- جرادات، نادر احمد (٢٠٠٩ )، الاصوات اللغوية عند ابن سينا عيوب النطق وعلاجه، الطبعة الاولى، الاكاديميون للنشر والتوزيع، عمان.
- جرين، جودث (١٩٩٠)، تفكرين واللغة، ترجمة: عبدالرحمن عبدالعزيز العبدان، الطبعة الاولى، دار عالم الكتب، الرياض.
- داود، محمد محمد (٢٠٠١)، العربية وعلم اللغة الحديثة، الطبعة الاولى، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
- الزريقات، ابراهيم عبدالله فرج (٢٠٠٠)، اضطرابات الكلام واللغة (التشخيص والعلاج)، الطبعة الاولى، دار الفكر، عمان.

- سليم، عبدالعزيز ابراهيم (٢٠١١)، الجلجه تشخيصها وأساليب علاجها، الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان ـ الاردن.
- السيد، محمود احمد (٢٠١٤ )، علم النفس اللغوي، الطبعة الاولى، منشورات جامعة دمشق ـ سوريا.
- عبدالعزيز، محمد حسن (١٩٨٣)، مدخل الى علم الغة، الطبعة الاولى، دار النمر للطباعة، القاهرة.
- عبدالهادي، نبيل ، ابو حشيش، عبدالعزيز و بسندي، خالد عبدالكريم (٢٠٠٣)، مهارات في اللغة والتفكير، الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان ـ الآردن.
- محاسيس، صهيب سليم (٢٠١٢ )، عيوب الكلام في تراث اللغوي العربي، الطبعة الاولى، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع، عمان ـ الاردن.
- محمد، سماح رافع (١٩٧٢)، أسس علم النفس، الشركة المصرية للطباعة والنشر، القاهرة.
- هرمز، صبا حنا و ابراهيم، يوسف حنا (١٩٨٨)، علم النفس التكوينى (الطفولة والمراهقة)، الطبعة الاولى، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل.
- النواسية، أديب عبدالله و القطاونه، ايمان طه (٢٠١٠ )، النمو اللغوي والمعرفي للطفل، الطبعة الاولى، مكتبة المجتمع العربي، عمان ـ الاردن.
- يوسف، جمعه سيد (١٩٩٠)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، الطبعة الاولى، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت.


## چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی


- Gregory, H. Hugo (2003), Stuttering therapy: Rationale and practice. Boston: Allyn and Bacon, United States.
- Hornby, A. S. (2004), Oxford Advanced Learner’s dictionary. 6th ed. Edited by Wehmeier, S. and Ashby, M. Jungle Press: Iran.
- Richards, J. C. & Schmidt, R, (2010). Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics. 4th ed. Edinburgh Gate: Pearson Education Limited.
- Thibodeau, G. A. & patton. K. T. (2003). Anatomy and Psychology. [5th ed.]. Mosby inc.: united stats.

**اضطراب الكلام – نطق الأصوات أنموذجاً**

**خۆشناو عزيز حمەأمين**

**قسم اللغة الكوردية، كلية التربية الأساس، جامعة ڕاپەڕین - ڕانيه، إقليم كوردستان - العراق.**

khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

**ملخص**

حظيت اللغات التطبيقية وموضوعاتها باهتمام بالغ بين لغات العالم على عكس اللغة الكوردية التي لم تأخذ بعين الإعتبار، وعلى وجه الخصوص "اضطراب الكلام" الذي هو أحد مجالات علم اللغة النفسي التطبيقي. وفي هذا الصدد، فإن هذا البحث تم تخصيصه لتناول "اضطراب الكلام – نطق الأصوات أنموذجا"؛ إذ هو محاولة لإثبات المفهوم وجوانبه المهمة، مع وصف فئاته وعوامله؛ لأن عملية إنتاج الأصوات اللغوية ليست سهلة، بل هي مليئة بالتحديات. وعلاوة على ذلك، فإن بروز العوائق على هذا المستوى تعد بداية لبروز إشكاليات على المستويات الأخرى. وعلى أية حال، فإن البحث في هذا المجال في جميع أشكاله ومستوياته هو موضوع علمي ومعاصر؛ لذا يكتسب البحث قيمة خاصة. ومن ناحية أخرى، فإن دراسته تعني التعمق في الربط بين علم اللغة والتخصصات الأخرى، مثل علم الأحياء والطب السريري وعلم النفس وعلم الإجتماع؛ لأن هذه المجالات سوف تكون وسائلاً إلى تحديد المشاكل وإيجاد الحلول لها.

لقد تم التعويل على المنهج الوصفي التحليلي في هذه الدراسة. وتتألف الدراسة من قسمين اثنين بالإضافة إلى هذا الملخص: أما المحور الأول فهو بوابة "لتعريف إضطراب الكلام وأسبابه وعواقبه". وأما المحور الثاني يتناول "إضطراب الكلام في نطق الأصوات وحلولها" بحيث يسلط الضوء على جزء من القصور الذي يحدث في أثناء نطق الأصوات بالإضافة إلى تحديد الحلول المناسبة. ويختتم البحث بالنتائج التي تم التوصل إليها مع ذكر المصادر والمراجع.

**الكلمات المفتاحية:** نطق، مشكلة، كلام، صوت، عامل، اعتلال.

## Speech Disorder – Sounds Articulation as Example

**Khoshnaw Azeez Hama Ameen**

Department of Kurdish Language, College of Basic Education,
University of Raparin - Rania, Kurdistan Region, Iraq

khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

**Abstract**

Applied linguistics and its topics has received a vital attention among the world's languages in contrary in Kurdish language it has less taken into consideration especially "Speech Disorder" which is one of the fields of applied psycholinguistics. In this regard, this paper which is devoted to the "Speech Disorder - Sounds Articulation as Example" is an attempt to demonstrate the concept and significant aspects, with describing its categories and factors, because the process of producing linguistic sounds is challenging. Furthermore, issues at this level are problematic in other levels. However, research in this field in all its forms and levels is a scientific and contemporary subject, so it has its particular value. On the other hand, studying it is involving linking between linguistics and other specialties such as biology, clinics, psychology and sociology because these areas indicate the issues and their solutions.

Descriptive analysis method has been implemented in this study. The outline and list of contents of the study consists of this abstract in addition to a preface and two sections The first section is a gate to "introduce speech disorder and its causes and its consequences". The second section aims "Speech disorder in voicing sounds and their solutions" which focuses on a part of deficiencies that occur during uttering sounds in addition to identify appropriate solutions. The study concludes with the obtained results and bibliography.

**Keywords:** Articulation, Disorder, Speak, Sound, Factor, Disarrays.